شانۆنامە

# جەستەی ژن وەک مەیدانی شەڕ لە جەنگی بۆسنەدا[1]

نووسەر:


## ماتێی ڤیسنیك[2]

وەرگێر:

## تینووش نظم جو

وەرگێرانی لە فارسییەوە:

## ڕەحمان عەزیزی




[1] the body of a woman as a battlefield in the bosnian war
[2] Matei Vișniec

کەسایەتییەکان،« کارەکتەرەکان»

- دۆرا Dorra

(بە لەهجەی زمانەکانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات قسە دەکات).

_کیت Kate

(بە لەهجەیەکی ئینگلیزی قسە دەکات).

## دیمەنی یەکەم

**«کیت بەشێک لە یاداشتنامەکەی ڕۆژانەی خۆی دەخوێنێتەوە.»**

**کیت:** لە شەڕی نێوان ڕەگەزەکاندا جەستەی ژن دەبێتە گۆڕەپانی شەڕ. ئێمە لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا لە ئەورووپا ئەم دیاردەیەمان بەدی کرد. ئەندامی نێرینەی جەنگاوەری نوێ، وەک تیغی شمشێری شوڕشگێری سەردەمی کۆن، کە تێکەڵ بە خوێنی دوژمن بوو، ئەمڕۆ لە زێی ژنانی دەستدرێژیکراودا نوقم دەبێت.

با هەوڵ بدەین چەمکەکانی شیکاری دەروون بۆ پشکنینی جەستەی کارەساتەکە بەکاربهێنین. ڕەنگە ئەگەر توندوتیژی نێوان ڕەگەزەکان بگەڕێنینەوە بۆ زمانی دەروونشیکاریی فرۆید، بتوانین باشتر لێی تێبگەین. هەندێک لەو چەمکانەی کە لە دونیای ئیمپاڵسەوە[٣] دێن دەتوانن باشتر لە وشەی ئاسایی جیهانی توندوتیژی ناسیۆنالیستی ڕوون بکەنەوە.

با بزانین ئایا ئەم چەمکانەی خوارەوە سەرچاوەی توندوتیژی ڕەگەزی لە بۆسنە ڕوون دەکەنەوە :

جەوهەری[٤] ناسیۆنالیزم.

ناسیۆنالیزمی بایۆلۆجی.

هەراسانکردنی[٥] ڕەگەزی بۆ منداڵان.

جیهانی وەهمی کەمینەیەکی نەتەوەیی.

نەخۆشی دەمارگیری ناسیۆنالیزم.

نەخۆشی دەمارە نەرگسیەکانی ڕەگەزی زۆرینە.

نەخۆشی دەماری وەسوەسەیی-ناچاری ڕەگەزی کەمینە.

پاڵنەرێکی ناسیۆنالیستی.

پاڵنەرێکی دەسەڵات و باڵادەستی.

پاڵنەرێک بۆ دەستدرێژیکردن

پاڵنەر بۆ لەناوبردن

نەخۆشخانەی سلاڤۆنسکی برود، کرواتیا[٦]

مِی ١٩٩٤

---

[٣] Pulsion
[٤] Libido
[٥] Sadisme
[٦] Slavonski Brod

## دیمەنی دووەم

**کیت دەێتە ژوورەوە. دۆرا بێ جووڵە لەسەر کورسییەک دانیشتووە.**

**نیگاکانی لە بۆشایی دایە .**

**کیت: سڵاو.**

**دۆرا:...**

**کیت: من، کیت.**

**دۆرا:...**

**کیت: ئەمڕۆ کەش و هەوا زۆر خۆشە.**

**دۆرا:...**

**کیت: خەڵک لە باخچەدا دەڕۆن.**

**دۆرا:...**

**کیت: ئەگەر بتەوێت بچیتە سەیران لە باخچە، من لەگەڵت دێم.**

**دۆرا:...**

**کیت: نامەوێت وەڵامم بدەیتەوە.**

**دۆرا:...**

**کیت: بەڵام ئەگەر بتەوێت بچیتە سەیران لە باخچە، من لەگەڵت دێم.**

**دۆرا:...**

**کیت: ئەگەر بتەوێت دەتوانیت بە تەنیا بچیت.**

**دۆرا:...**

**کیت: هەرچۆنیکت پێ خۆشە.**

**دۆرا:...**

**کیت: پەنجەرەکە دەکەمەوە.**

**دۆرا:...**

**کیت: هەست بە بەهار دەکیت؟**

## دیمەنی سێیەم

«کیت بەشێک لە یاداشتنامەکەی ڕۆژانەی خۆی دەخوێنێتەوە.»

کیت: ئایا ئەو ڕەگەزانەی کە هەرگیز وڵاتێکیان نەبووە زۆرترین مەترسی کارەساتیان لەسەرە؟ ئایا ئەوان زیاتر لە گەلانی دیکە لە مەترسی گۆشەگیری وهەراسانکردن سەرەتایی لە جۆری خۆیاندان؟

لێکچوونێکی سەیر لە نێوان ئەو شێوازەدا هەیە کە گروپەکانی هەمان ڕەگەز لە هەراسان کردن وگۆشەگیری ناسیۆنالیزم دەیتە خوارەوە و وەسفی فرۆید بۆهەراسان کردن وگۆشەگیری و دەستدرێژیکردنە سەر منداڵان.

ئایا ئەو ڕەگەزانەی کە هەرگیز حکومەتێکی نیشتمانییان نەبووە، بە هەمان شێوەی مرۆڤەکان کە نەگەیشتوونەتە ئاستی بەرزی ژیانی سێکسی کاردانەوەیان هەیە؟

تێروانینی یەکەم: دەربڕینی بیرۆکەی ناسیۆنالیستی زۆر لێکچوونی لەگەڵ دەربڕینی بیرۆکەی سێکسی هەیە. بەم لۆژیکە دەتوانرێت تەقینەوەی توندوتیژی ناسیۆنالیستی بە یارمەتی چەمکە فرۆیدییەکان بە پاڵنەرێکی ئاڵۆز هەژمار بکرێت.

با بزانین ئایا ئەم چەمکانەی خوارەوە دەتوانن شتێک ڕوون بکەنەوە یان نا:

بڵاوبوونەوەی دڵەڕاوکێی گروپی ڕەگەزی.

چۆڵکردنی ناسیۆنالیزم. خەمۆکی ناسیۆنالیزم. ناسیۆنالیزمی خەمۆک.

ترسی دەمارگیری ئەو ڕەگەزانەی کە لە یەک خاکدا پێکەوە دەژین.

نەخۆشی دەمارەکانی چارەنووس و نەخۆشی دەمارەکانی شکست.

دەمارە ڕەگەزییەکانی لەدەستدان.

کەمپی دوبۆج[٧]

بۆسنە، ژوئن ١٩٩٤

[٧] Camp de doboj

## دیمەنی چوارەم

**کیت دە یتە ژوورەوە. دۆرا بێ جووڵە لەسەر کورسییەک دانیشتووە.**

**کیت: دەزانم کە دەنگی من دەبیستیت**

**دۆرا:...**

**کیت: هەست دەکەم گوێت لێمە.**

**دۆرا:...**

**کیت: بۆیە  قسەت لەگەڵ دەکەم.**

**دۆرا:...**

**کیت: چونکە دەزانم دەتوانیت گوێت لێم بێت.**

**دۆرا:...**

**کیت: نامەوێت وەڵامم بدەیتەوە.**

**دۆرا:...**

**کیت: هیچم لە تۆ ناوێت.**

**دۆرا:...**

**کیت: من ناوم کیتە.**

**دۆرا:...**

**کیت: تۆ دۆرایت.**

**دۆرا:...**

**کیت: سڵاو دۆرا.**

**دۆرا:...**

**کیت: من ناوم کیتە. سڵاو دۆرا.**

**دۆرا:...**

**کیت: دۆرا ناوێکی جوانە.**

**دۆرا:...**

**کیت: بۆ نانخواردنی نیوەڕۆ ،حەزت لە چییە ؟**

دۆرا:...

کیت: دەتەوێت مینیوەکەت بۆ بخوێنمەوە؟

دۆرا:...

کیت: سووپ مان هەیە... سووپی قووتە... کریمی سەوزە... لازانیا لەگەڵ کەلم... من زۆر حەزم لە سووپە. هەرچەندە من ڕووەکخۆر نیم، بەڵام زۆر حەزم لە سووپە... ڕێچکەکە لەسەر مێزەکەت بۆ دادەنێم. لەبەردەم هەر خواردنێک کە دەتەوێت خاچێک دابنێ... شیرینیەکەتیش هەڵبژێرە... باشە دۆرا؟

دۆرا:...

کیت: ماڵئاوا دۆرا.

## دیمەنی پێنجەم

«کیت بەشێک لە یاداشتنامەکەی ڕۆژانەی خۆی دەخوێنێتەوە.»

کیت:  ئەگەر ناسیۆنالیزم تەنها جۆرێک بێت لە پاڵنەرێکی خۆکوژی؟

ئایا هیچ گەلێک هەیە خەمبار بێت؟

ترسی ناسیۆنالیزم.

دڵەڕاوکێی گروپی.

ترس لە هاندەری ڕەگەزێک بیت.

ناسینەوە لەگەڵ هێرشبەر.

بێ بەشانی مێژوو.

گۆڕینی خەونەکان.

میلەتێک کە گەیشتۆتە دوا وایەر.

بۆشایی ناسنامە.

ئیمپاڵسی سێکسی و جەوهەری ناسیۆنالیزم دەتوانن چەمکێکی بەسوود بن بۆ تێگەیشتن لە کردەی شەڕانگێزی لە شەڕەکانی نێوان ڕەگەزەکاندا.

جەنگاوەرانی بەڵکان لە سەردەمی ئێمەدا.

تایبەتمەندی:

خوێندەوار

خوێندەواری زۆربەیان تا قۆناغی ئامادەیی ،خاوەنی دیپلۆم و تەنانەت زیاتریش.

سەرسام بە ئاوەدانی ڕۆژئاوا.

خەونەکانی:

بتوانێت  بۆ ئەڵمانیا یان ئەمریکاکۆچ بکات.

کەمێک بە ئینگلیزی قسە دەکات. کەمێک ئەڵمانی، چەند وشەیەکی ئیتاڵی و فەرەنسی دەزانێت.

دەتوانێت بە زمانی ڕووسی قسە بکات.

نەفرەت لێکراو

و خەمۆکی لە هەمان کاتدا.

دژە کۆمۆنیست،بەڵام هێشتا بیری کاتەکانی "سەقامگیری" دەکات.

زۆر دەخواتەوە، هەرچییەکی دەست بکەوێت.

کاتێک دەیەوێت دان بە بەدبەختی خۆیدا بنێت، دەڵێت وڵاتم نییە. نیشتمانیان پێ نەداوە. وڵاتەکەی لێ دزراوە.وڵاتەکەیان داگیرکردووە، لە وڵاتەکەی بێ بەش کراوە. نیشتمانەکەیان زەلیل کردووە.

وە وەک هەمیشە:

ڕۆژاوا لەبیری کردووە. ڕۆژاوا بەڵێنەکەی خۆی جێبەجێ نەکردووە. ڕۆژئاوا خیانەتی لێ کردووە. ڕۆژئاوا قحبەیە.

بە ناوی میلەتەکەیەوە شەڕ دەکات. میلەتێک کە هەرگیز خاکی نەبووە. بەڵام نەیارێکی دیاریکراوی نییە.

مەیدانی خەباتی ئەو ڕوون و سنووردار نییە.

با بزانین ئەم چەمکانە دەتوانن شتێک ڕوون بکەنەوە یان نا:

لە بێزاری خۆت هەڵبێ.

کۆمپلێکسی باوباپیران.

خەونی شەهوەتبازانەی جەنگاوەری .

جەنگاوەر لە کۆتاییدا باشترین حاڵەتی خۆی لە شەڕدا دەدۆزێتەوە.

ئەمە ڕێک تێبینییەکەی فرۆیدە سەبارەت بە سوژە ئاڵۆزەکان کە هەر کە ئۆبژەی ئارەزووی خۆیان بەدەست دەهێنن نەخۆش دەکەون.

مۆدریکا[٨]، بۆسنە.

ئووت ١٩٩٤

---

[٨] Modrica

## دیمەنی شەشەم

«دۆرا بە تەنیا لە شەودا،، لە جێگاکەیدایە، لە ژێر بەتانییەکداخۆی کۆکردوەتەوە.»

دۆرا: ڕقم لێتە. ڕقم لێتە. ڕقم لێتە. ڕقم لێتە. ڕقم لێتە. ڕقم لێتە. ڕقم لە. ڕقم لێتە. ڕقم لێتە. ڕقم لێتە. ڕقم لێتە. ڕقم لێتە.ڕقم لێتە. ڕقم لێتە. ڕقم لێتە. ڕقم لێتە. ڕقم لێتە...

(وەستان. هەڵدەستێت، لە جێگاکە دێتە دەرێ، ژوورەکە دەبڕێت، دەچێتە چێشتخانەکە، شلەمەنیەکە دەکاتەوە، پەرداخەکە پڕ دەکات وە ئاوکە دەخواتەوە. دەگەڕێتەوە سەر جێگاکی، بەتانیەکە بەسەر خۆیدا فڕێدەدات).

ڕقم لێتە. ڕقم لێتە. ڕقم لێتە. ڕقم لێتە. ڕقم لێتە. ڕقم لێتە. ڕقم لێتە. ڕقم لێتە. ڕقم لێتە. ڕقم لێتە. ڕقم لێتە.

ڕقم لێتە. ڕقم لێتە. ڕقم لێتە. ڕقم لێتە. ڕقم لێتە

## دیمەنی حەوتەم

کیت دەێتە ژووری دۆرا.

کیت: لاپەڕەی چاودێری ژمارە یەک.

بابەت تووشی نەخۆشی دەمارە زەبربەخش بووە.

Traumatic neurosisبە ئینگلیزی

névrose traumatiqueبە فەرەنسی

traumatische Neuroseبە ئەڵمانی

nevrose traumaticaبۆ زمانی ئیتاڵی

هۆکاری ئەم نەخۆشییە دەمارییە زەبربەخشە،

دەستدرێژییە وپێشێلکارییەکە ،کە نزیکەی دوو هەفتە لەمەوبەر ئەو بابەتە ڕووبەڕووی بووەتەوە.

دیارە دەمارەکانی نەخۆشەکە زیانیان پێنەگەیشتووە.

دۆخی بابەت: تێکچوونی دەروونی، بێدەسەڵاتی، ئیفلیجی شۆک.

بابەتەکە وەڵامی هاندەری دەرەکی ناداتەوە. لە شوێنی وەڵام نەدانەوە

ئەو لەسەر هەموو پرسیارەکانم پێداگری دەکات، بەو ئەنجامە دەگەم کە لە هەموو قسەکانم تێدەگات.

## دیمەنی هەشتەم

«دۆرا ئەژنۆ دەدات، وەک ئەوەی نوێژ بکات. بە دەنگێکی بێدەنگی وئارام»

دۆرا: ڕقم لێتە... ڕقم لێتە... ڕقم لێتە...

نەخێر پێم مەڵێ کات هەموو شتێک چاک دەکاتەوە... باوەڕم بەوە نییە کات هەموو شتێک چاک بکاتەوە. کات تەنها دەتوانێت برینە چارەسەرکراوەکان چاک بکاتەوە. تەنهائەمەیە وبس. کات تەنها دەتوانێت ئەو کارە بکات کە دەتوانێت بیکات، زیاتر نا.

نا، خودایە ئەوانەی خراپن هەرگیز سزا نادرێن و ئەوانن حوکمی دونیا دەکەن.

نا، خودایە چاکە بەسەر خراپەدا ناباتەوە، ستەملێکراو بەسەر ستەمکاردا، هەژار بەسەر دەوڵەمەنددا، ئیماندار بەسەر بێباوەڕدا، ژیان بەسەر مردندا، جوانی بەسەر ناشیرینیدا، هەموویان شکستیان هێناوە...

نا، پەروەردگار ناتوانم ئازاری خۆمت پێ بڵێم.

پەروەردگار، من باوەڕم بەوە نییە کە هەموو شتێک بگوترێ.

پەروەردگار، من باوەڕم بەوە نییە کە لە هەموو شتێک تێبگەین.

پەروەردگار من باوەڕم بەوە نییە کە هەموو ئەو شتانەی دەیڵێین هیچ مانایەکیان هەبێت.

پەروەردگار من باوەڕم بەوە نییە کە هەموو ئەو شتانەی دەیڵێین هیچ مانایەکیان هەبێت.

## دیمەنی نۆیەم

کیت لە تەنیشت دۆرا دانیشتووە.

کیت: لاپەڕەی چاودێری ژمارە دوو. بابەتەکە هەوکردنی ئیگۆی هەیە.

بە فەڕەنسی، Alteration du moi

، بە ئینگلیزی Alteration of the ego

بۆ زمانی ئیتاڵی Modificazione dellio،

بە زمانی ئەڵمانی Ichveränderung

سوژە پەنا بۆ بێدەنگی دەبات و بەرەنگارییەکی جددی لە بەرامبەر هەر جۆرە هەوڵێکی دەرەکی بۆ دامەزراندنی پەیوەندی نیشان دەدات.

ئەم مۆنتاژە ڕەفتارییە تەنها دیاگرامێکی پێکهاتەیەکی بەرگرییە.

هەر هەوڵێک بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ بابەتەکەدا وەک هێرشێک هەست پێدەکرێت.

بۆ بابەتەکە وەک ئەوە وایە دەستدرێژییەکە ڕوویداوە.

## دیمەنی دەیەم

دۆرا، بە تەنیا لە شەودا.هەڵدەستێت، لە جێگاکە دێتە دەرێ، ژوورەکە دەبڕێت، دەچێتە چێشتخانەکە، شلەمەنیەکە دەکاتەوە، ، پەرداخەکە پڕ دەکات وە ئاوکە دەخواتەوە. دەموچاوی دەشۆات دەگەڕێتەوە. لە ئاوێنەدا سەیری خۆی دەکات.، گۆرانییەک دەڵێت قسەکانی سەختە بیبیسترێت.

کیت دەێتە ژوورەوە. دۆرا بەردەوامە لە سەیرکردنی خۆی لە ئاوێنەدا و خوێندنەوە.

کیت: (لەگەڵ بینەران قسەدەکات)

جەنگاوەری نوێی باڵکان بۆ ئەوەی تەقە لە دوژمنە ڕەگەزەکەی بکات، دەستدرێژی دەکاتە سەر ژنی دوژمنە ڕەگەزەکەی.

ئەندامی مێینەی دوژمنی ڕەگەزی دەبێتە مەیدانی ڕق و کینە، شەڕێکی "نوێ" بۆ ئەو.

لە هیچ شوێنێکی تردا، وەک لەم بوارەی خەباتی ڕەگەزیدا، بەو شێوەیە بەهێز نابینرێت.

جەنگاوەری نوێ چیتر خۆی بەر کارتێژی و هاوەن و تانک نادات.

تەنها خۆی دەخاتە بەردەم هاواری ژنان.

بەڵام ئەم هاوارانە وایان لێدەکات ئیرادەیەکی زیاتری هەبێت بۆ خزمەتکردنی وڵاتەکەی و بە ئیرادەیەکی بەهێزتر ئامانجی ئامانجەکەی بێت.

مەیدانی نوێی جەنگاوەری نوێ:

ئەندامی مێینەی دراوسێی پێشووی،

ئەندامی مێینەی ژنی هاوڕێی کۆن وپێشووی قوتابخانەکەی.

ئەندامی مێینەی ژنی هاوڕێ دێرینەکەی کە نیو سەدە بەناچارپێی دەوت« براگیان»

ئەو هێزەی کە ڕەگەزەکان ناچار دەکات بەرەو برایەتی.

بۆمبێک بە ژماردنەوەی پاشەکشە.

کۆگای ڕاستەقینەی باروتی باڵکان.

کۆمپلێکسی گەورەی نەتەوەیی ئەوان لێرەوە سەرچاوە دەگرێت.

تۆڵەی فرۆید لە کەسانێک کە هەرگیز وڵاتیان نەبووە.

جەستەی ژن وەک گۆڕەپانی شەڕ،

شەڕڤانان پەلە دەکەن بۆ ئەوەی دوا فیشەک لێک هەڵکەن

(دۆرا لەبەردەم ئاوێنەدا بەردەوامە لە گۆرانی وتن).

لە سەردەمی ئێمەدا لە لە شەڕی ڕەگەزدا و لە شەڕە نەژادییەکاندا، دەستدرێژی جۆرێکە لە شەڕە. هیچ شتێک زیاتر لە دەستدرێژیکردنە سەر ژن ناتوانێت بە کاریگەرییەکی وەهای هەبێت ،کەدوژمنی ڕەگەزی بهەژێنێت وە بەلەرزێنێت.

زیاتر لە نیوەی ئەو ژنانی کە لە شەڕەکانی نێوان ڕەگەزەکاندا، دەستدرێژییان کراوەتە سەر.

قوربانی ئەو دەستدرێژکارانەن کە پێشتر دەیانناسی، یان زۆرجار لە ناوچەیەکی کەمتر لە شەست کیلۆمەتردا بینیویانە.

نزیکەی نیوەی ئەو ژنانەی وەڵامیان داینەوە ،دان بەوەدا دەنێن کە ئەو پیاوانەی دەستدرێژییان کردۆتە سەریان لە گوندەکەیان یان لە گوندەکانی دراوسێدا ژیاون.

نزیکەی یەک لە چواری لەو ژنانەی وەڵامیان دەداینەوە ناو یان ناوی دەستدرێژکارەکانیان دەزانی.

بە ڕواڵەت ژمارەیەکی زۆر لەو ژنانەی کە هاوسەرگیریان لەگەڵ پیاوانی ڕەگەزێکی تر کردووە لەلایەن پیاوانی هەمان ڕەگەزەوە دەستدرێژییان کراوەتە سەر بۆ ئەوەی سزا بدرێن لەسەر ئەم هاوسەرگیرییە نێوان ڕەگەزەکان.

(دۆرا لەبەردەم ئاوێنەدا بەردەوامە لە گۆرانی وتن).

بۆ جەنگاوەری نوێ، دەستدرێژیکردنە سەر ژنی دوژمنە ڕەگەزەکەی تامی سەرکەوتنی ڕەهای بەسەر نەیاردا هەیە.

لە شەڕەکانی نێوان ڕەگەزەکاندا جەستەی ژن هێمای بەرەنگارییە. جەنگاوەرێکی نوێ بۆ شکاندنی ئەم بەرخۆدانە دەستدرێژی ئەکات. پێی وایە بەم شێوەیە فیشەکی کۆتایی بە ڕکابەرەکەیەوە دەنەێت. دوای شاردنەوەی ژن و کچ و دایک و خوشکەکەی لە شوێنێکی ئارامدا، بە دوای ژن و کچ و دایک و خوشکی ڕکابەرەکەیدا دەڕوات. زۆرجار جەنگاوەری نوێ خۆی لە ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمنە خوێناوییەکەی کە لە ڕەگەزێکی ترە دەپارێزێت. پێش ئەم ڕووبەڕووبونەوەیە، جەنگاوەری شەری نێوان ڕەگەزەکان هیواخوازە سەرچاوەی هێزی ژیانی ڕکابەرەکەی لەناو ببات و ئەو ئەم سەرچاوەیە دەزانێت و دیناسێت. چونکە دراوسێی دوژمنەکەی بوو،لەگەڵ دوژمنەکەی لە هەمان شوێن کاریان کردووە،زۆر جار لە ماڵی دوژمنەکەی میوان بوو. هەموو ئەندامانی بنەماڵەی دوژمنەکەی دەناسێت. داب و نەریتی دوژمنەکەی دەزانێت. چونکە دوژمن برای خۆیەتی، جەنگاوەر دەزانێت کە ژنانی دەوروبەری دوژمن هەم سەرچاوەی هێزی ژیانی ئەون و هەمیش خاڵی لاوازی ئەون. شەڕڤانان بەهۆی شەهوەتی بێ سنوور یان ئاڵۆزی سێکسییەوە دەستدرێژی لە سەر کەس ناکەنە. لە شەڕەکانی نێوان ڕەگەزەکانی ئەوروپادا،دەستدرێژیکردن، یەکسانە بە وێرانکردنی ماڵی دوژمن، کڵێساکان یان شوێنی پەرستنی دوژمن، بەرهەمی فەرهەنگی و بەها ڕۆشنبیرییەکانی.

## دیمەنی یازدەهەم

**کیت دەێتە ژوورەوە. دۆرا بێ جووڵە لەسەر کورسییەک دانیشتووە.**

**کیت:** سڵاو دۆرا.

**دۆرا:...**

**کیت:** منم، کیت.

**دۆرا:...**

**کیت:** لە شوومینەی ئاگردانەکەی ژووری میوان ئاگرمان داگیرساند.

**دۆرا:...**

**کیت:** دەتەوێت بێیتە خوارەوە؟

**دۆرا:...**

**کیت:** دەزانی ئێمە دڵخۆش دەبین ئەگەر تۆ بێیت.

**دۆرا:...**

**کیت:** حەزت لە ئاگرە؟

**دۆرا:...**

**کیت:** ئاگری ناو ئاگردانەکە زۆر جوانە.

**دۆرا:...**

**کیت:** هەموومان لەوێین.

**دۆرا:...**

**کیت:** ئەگەر دەتەوێت وەرە خوارەوە.

**دۆرا:...**

**کیت:** ئەگەر دەتەوێت لەگەڵت بمێنمەوە تەنها بیڵێ.

**دۆرا:...**

**کیت:** لێرەزەنگێک هەیە دۆرا. هەرکات بتەوێت بێم و لەگەڵت بمێنمەوە پەیوەندیم پێوە بکە، باشە؟

**دۆرا:...**

**کیت:** دەزانم دەیبیستیت.

**دۆرا:...**

**کیت: من دکتۆر نیم دۆرا. من وەک دکتۆرێک قسەت لەگەڵ ناکەم. من ،من نەهاتووم بۆ ئێرە بۆ ئەوەی بەزۆر چاکت کەمەوە.**

**دۆرا:...**

**کیت: من هاتمە ئێرە چونکە پێویستم بە تۆیە.**

**دۆرا:...**

**کیت: ماڵئاوا دۆرا.**

## دیمەنی دوانزەهەم

**دۆرا: (بۆ ئامادەبووان).**

**بەڵکان بەو مانایەیە.کۆگایەک لە هەست و سۆز.**

**خەڵکی بەلکان زۆرچاک دەزانن چۆن بخۆنەوە.**

**هەی باوکە سێ هەفتەیە تۆم نەبینیوە، لە کوێ بووی، بیرم کردی، با بڕۆین بۆ خواردنەوەیەک.**

**تا بەرەبەیان دەچن و دەخۆنەوە.**

**لە باڵکان کاتێک دوو کەس هاوڕێ دەبن، بۆ ماوەی سێ هەفتە ئەستەمە یەکتر نبینن.**

**لەهیچ دەرفەتێک بۆ خواردنەو تا کاتژمێر پێنجی بەیانی خۆش نابن.**

**هەفتەیەکە تۆم نەبینیوە، بیرم کردی، با بڕۆین بۆ خواردنەووە.**

**تا نیوەشەو دەچن و دەخۆنەوە.**

**بۆ ئەوەی دوورکەوتنەوە لە هاوڕێکانت زۆر قورس نەبێت ، پێویستە ڕۆژانە کەمێک بخۆنەوە.**

**باشە ئەگەر هەموو ڕۆژێک دوای دەوام بخۆنەوە، لە نێوان کاتژمێر شەشی پاشنیوەڕۆ بۆ دە ئێوارە، کێشە نییە، ئەوکات دەتوانن بچنەوە ماڵەوە و چارەکێکیان هەبێت لەگەڵ منداڵەکانیان ، یان لەگەڵ ژنەکانیان.**

**ژنێک کە تاکە کاری فرێدانی منداڵە. ژنێک کە تەنها دەزانێت چۆن هاوار بکاتە سەر مێردەکەی کاتێک دێتەوە ماڵەوە.هەر بۆیە مێردەکەی درەنگ دێت و زوو دەڕوات.**

**بەیانیان کە خەواڵوووە باشترین دەرفەتە بۆ ئافرەت بۆ شەڕکردن.**

**شەوانە ناوێرێت هەموو شتێکی پێ بڵێت. پیاوانی بەڵکان ئیرەیی دەبەن. شەوانە ئەگەر ژنێک زۆری لێبڵێت و بیەوێت شەڕی لەگەڵ بکات، ئەوا لە سەری دەدات و پەرداخێکی دیکە دەڕێژێنێت ژوورەوە. یان دوو یان سێ. شەوانە کە لەگەڵ**

هاوڕێکانیدا دەخۆنەوە، پیاوی بەڵکان لە خوورا دڵی دەشکێت.ڕۆحی ناسکە. لەپڕ پرسیارە گەورەکانی میتافیزیکی دەستی بەسەردا دەگرن.

ئەوان گرنگی پێدەدەن، تۆ ناتوانی تێبگەی کە من چی دەکەم، دەزانم. نەخێر ناتوانێت تێبگات. ژن ناتوانێت لەوە تێبگات کە پیاوەکەی بیری خەمەکانی باوباپیرانی دەکات. لەوە تێناگات کە پیاوەکەی بوونی خۆی دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

مرۆڤ لە کوێوە دێت، بۆ کوێ دەڕوات؟ ئەم جیهانە ژەهراوییە چەندە بێمانایە. شەوان،پیاوی بەلکان دوای ئەوەی لەگەڵ هاوڕێکانیدا ١٠ بۆ ٢٠ بوتڵی نیو لیتری بیرە دەخواتەوە، لە ناسەقامگیری واتای زمانەکە بێهیوا دەبێت. پێدەکەنێت و دەگری.

فرمێسکی دڵەڕاوکێ، فرمێسکی نەخۆشییە ئەخلاقییەکانی، فرمێسک بە دوای فرمێسکدا دەسڕێتەوە

شکستی مرۆڤایەتی بەرامبەر بە نهێنی گەورەی گەردوون. پاشان بەرز دەبێتەوە، کەمێک دواتر.

نزیکەی سێ دوای نیوەشەو، کاتێک سەرئێشەی پێشتر ئەمانی لێ بڕیویەتەوە .لە بەرئەوەی کە ئەم بێ شەرەفانە بە ماڵتی پیس بیرە دروست دەکەن.

(دۆرا ڕۆڵی "پیاوی باڵکان" دەگێڕێت)

هەموو ئەم بازاڕیانە دزن،دزی لە خوداش دەکەن.هەرهەموویان.بەگیانی تۆ.تێکرا

ئەگەر دەتەوێت بیرەکەت باش بێت، دەبێت لە دەرەوەی وڵات بیکریت.ئەویش دەبێت ئاگات لێ بێت ساختە نەبێت. لەم ڕۆژانەدا هەموو شتێک ساختەیە.هەر بۆیە ئەم وڵاتە هەرگیز چاك نابێتەوە.بەس هەموومان دز و درۆزن.مێژوومان ساختەکراوە،داهاتوومان ساختەکراوە.

هیچ ئومێدێکمان بۆ نەماوە.دوا شەمەندەفەرمان لەدەستدا. ئێمە بێ ماڵ و حاڵەکانی ئەورووپیین.نەتەوەیەکی قەرەچ،تەنانەت نازانین ڕەچەڵەکی ئێمە چییە؟ئێمە هەرگیز ئازاد نەبووین،هەرگیز حکومەتێکی دروستمان نەبووە.ئێمە هەرگیز سەربەخۆییمان نەبووە.

هەرگیز لە کۆمۆنیزم ڕزگارمان نابێت. لە ئەم کۆمۆنیزمە بێ دایک وبابە دا تا ئێسقان ڕزیوین.ئێمە هەرگیز...

«پیاوێ  بەڵکان هێڵنج دەدات وده ڕشێتەوە»

اوغ غ غ غ...

(وەستان. دۆرا دەبێتە خۆی).

سەعات سێی بەیانی سەری لەسەر سنگی ژنەکەی دادەنێت... پێویستی بە گەرمی ژنەکەیە.

پێویستی بە ژنەکەیە کە نازی بکات کاتێک فرمێسکی تاڵیی مەدەنی و هەڵهاتوو و گەلەئەستیرە دەڕژێت... سەری دەخاتە سەر سنگی ژنەکەی، ئەم مەمکە گەرم و نەرم و میواندۆستە، دایکی بیری دێنێتەوە... ئای دایکی ، تاکە کەسی جیهان کەهەمیشە لێی تێدەگەیشت، هەمیشە خۆشی دەویست، هەمیشە متمانەی پێدەکرد... لە باوەشی ژنەکەیدا، کە هەمیشە بەسەری دادەنەرێنێت ، بەدوای هەمان هێلانەی ئاسایشدا دەگەڕێت کە لە باوەشی دایکیدا هەیبوو . ڕۆحی بریندارە، چونکە لە دوای هاوسەرگیری خوشکەکەیەوە دایکی نەبینیوە، چونکە دایکی پیرە، چونکە...

دایکی زۆر پیرە، چونکە دایکی دوو ساڵ لەمەوبەر کۆچی دوایی کرد، دە ساڵ لەمەوبەر کۆچی دوایی کرد، چونکە دایکی لە تەمەنی تەنها پێنج ساڵدا جێی هێشتووە... دەتوانی بیخەیتە بەرچاوت کە من چ جۆرە منداڵییەکم هەبووە؟ منداڵێک کە لە تەمەنی پێنج ساڵیدا خۆشەویستی دایکی لەدەست دەدات؟

**««دۆرا دیسان لە ڕۆڵی"پیاوی باڵکان"دا نوقم دەبێت".»»**

بیری لێ بکەوە! نا، ئازیزم تۆ هیچی تێناگەیت،بۆت گرنگ نییە، تەنها دەتەوێت لە کۆتایی مانگدا هەموو مووچەکەم فڕێ دەدەمە ژێر پێتان و بەیانی تا شەو لەم ماڵە بەڕزێم.

**(تۆنی دەنگی دەگۆڕێت).**

بەڵێ سەعات سێی بەیانی ،پیاوێکی بەلکان بوونەوەرێکی هەستیارە، دەبێت ئارام بێت، ئەگینا ڕەنگە ڕۆحی بشکێت و بەبێت هەزار پارچە. بەڵام دەتوانیت دواتر هاوار بکیت بەسەریدا، کاتێک لە خەو هەڵدەستێت و دەیەوێت بچێتە سەر کارەکەی. لە نێوان کاتژمێر حەوت بۆ هەشت بەیانی، کاتێک کە هێواش هێواش دەموچاوی خۆی ڕاست دەکاتەوە لەبەردەم ئاوێنەکەدا کە ڕووخساری خۆی تیایدا ناناسێتەوە، ئەوە کاتێکە کە دواجار ژنەکە پێی دەڵێت: سەیرکە، وەک ئەوە وایە تۆ خۆت نەبیت، ئیتر خۆت ناناسیتەوە... کەمێک سەیری دەموچاوت بکە، سەیری چۆن هاتوویتەوە ماڵەوە، سەیری جلە کۆنەکانت بکە، پانتۆڵەکەت دڕاوە، سەیری ئەم پەڵانە بکە، چیت لێم دەوێت، چیت لە من و منداڵەکان دەوێت، تۆ نایکیت، گرنگی بە هیچ شتێک نادەیت، هیچ شتێک نییە ،بۆچی، بۆچی، چ شتێکت لە من دەوێت؟ پیاو کە هێشتا خەواڵووە ناتوانێت وەڵام بداتەوە، وەڵام ناداتەوە، لە خەواڵوویيدا دەمێنێتەوە، وەک بڵقێک ئاو کە تیایدا لە جیهانی دەرەوە جیا دەبێتەوە.

پاشان دەچێت قاوەیەکی ڕەش دەخواتەوە، زۆر تاڵ و زۆر ڕەشە، بەبێ ئەوەی هیچ بخوات چونکە بەیانیان، کاتێک مرۆڤ خەواڵووە، خواردن لە قوڕگی ناچێتە خوارەوەی ... و دواتر دەچێتە سەر کارەکەی بەبێ ئەوەی هیچ بڵێت، بەبێ ئەوەی سەیری ژنەکەی بکات، ، بەبێ ئەوەی زۆر سەیری منداڵەکانی بکات، لەڕادەبەدەر بەدبەختە لە کراسێکی خاوێن و تازە و ئوتوکراوەوە کە هاوسەرەکەی ناچاری کردووە لە بەری بکات. ئەم کراسە خاوێنە کە بە درێژایی ڕۆژ لە بەری دا دەمێنێتەوە وەک سەرزەنشتە بێدەنگەکانی ژنەکەی، سەرزەنشتیی ژنەکەی کە پیوەی چەسپاوە، قورس، گرژی لەبیرنەکراو، وەک قەفەسێک کە لە هەموو جوڵەیەکدا بیری دەخاتەوە کە تا کۆتایی ژیانی زیندانییە و ناچارە خۆراک بە چەند سکی بدات، یەکێک لەوانە هی خۆیەتی.

## دیمەنی سێزدەهەم

دۆرا، کیت.

دۆرا: دەتەوێت پێت بڵێم چۆن دەستدرێژییان کردۆتە سەرم؟

کیت: نەخێر دۆرا.

دۆرا: بۆ، دەتەوێت پێت بڵێم چۆن دەستدرێژییان کردۆتە سەرم؟

کیت: نەخێر دۆرا نامەوێت هیچم بۆ ڕوون بکیتەوە.

دۆرا: بۆ، دەتەوێت بە وردی پێت بڵێم چۆن دەستدرێژییان کردۆتە سەرم.

کیت: نەخێر دۆرا نامەوێت بۆم ڕوون بکیتەوە.

دۆرا: بۆچی، بۆ ڕاپۆرتەکەت.

کیت: من ڕاپۆرت بە کەس نادەم دۆرا.

دۆرا: بۆچی، تۆ ڕاپۆرت دەکیت بۆ کلینیکی دەروونی بۆستن[٩].

کیت: نەخێر دۆرا، من ڕاپۆرت نادەم بۆ کلینیکی دەروونی بۆستن.

دۆرا: تۆ لە کلینیکی دەروونی بۆستن کار دەکیت. تۆ ئەمریکیت. ناوت کیت.

کیت: من ئەمریکیم، ناوم کیتە، بەڵام ڕاپۆرت نادەم بۆ کلینیکی دەروونی بۆستن.

دۆرا: پێنج کەس بوون.

کیت: نامەوێت بیبیستم دۆرا.

دۆرا: تۆ لە بۆستنەوە هاتووی.

کیت: بەڵێ.

دۆرا: پێنج کەس بوون.

کیت: نامەوێت بیبیستم دۆرا.

دۆرا: تۆ لە بۆستن دەژیت. بڕیارە بەم زووانە بگەڕێیتەوە بۆ بۆستن.

کیت: بەڵێ، من لە بۆستن دەژیم، بەڵام بەم زووانە ناگەڕێمەوە بۆ بۆستن.

دۆرا: پێنج کەس بوون. بەڵام نازانم کرواتین یان سرب. دەزانی لە بۆسنە هەمووومان بە زمانی سربی و کرواتی قسە دەکەین.

---

[٩] Boston

کیت: ئێستا دەبێت بڕۆم دۆرا.

دۆرا: پێویستە لە راپۆرتەکەتدا ئاماژە بەوە بکەیت کە نازانم کرواتین یان سرب.

کیت: ماڵئاوا دۆرا. هەرکات بتەوێت دەتوانیت هەرام لێ بکەی یاپەیوەندیم پێوە بکیت.

دۆرا: (بە گریانەوە) تۆ بگەڕێەوە بۆ ماڵەکەت کیت، بڕۆ بۆ ماڵەکەت!

## دیمەنی چواردەهەم

کیت: لاپەڕەی چاودێری ژمارە چوار. بابەتەکە لەناکاو لە دۆخی بێدەسەڵاتەوە هاتە دەرەوە. بەو مانایە نییە کە باشتر بووە. بە شێوەیەکی شەڕخوازانە خۆی لەگەڵ جیهان یەکلایی دەکاتەوە. دەبێت کەسێک هەمیشە لە تەنیشتی بمێنێتەوە بۆ ئەوەی ئارامی وئاسودەیی پێوە بکات.

## دیمەنی پانزەهەم

دیمەنی پانزەهەم

دۆرا، کیت.

کیت: سڵاو دۆرا.

دۆرا:...

کیت: دەمەوێت لە گەڵ ئێوە دا قسە بکەم دۆرا.

دۆرا:...

کیت: دەتەوێت بە یەکتر بڵێن، تو؟

دۆرا:...

کیت: من گوڵی هەڵاڵەم بۆ هێناویت.

دۆرا:...

کیت: نازانم حەزت لە هەڵاڵە یە یان نا.

دۆرا:...

کیت: دەتوانم  لە سەر ئەم مێزەی دابنێم؟

دۆرا:...

کیت: دەمەوێت قسەت لەگەڵ بکەم دۆرا.

دۆرا:...

کیت: سبەی درێژترین ڕۆژە و کورتترین شەوی ساڵە.

دۆرا:...

کیت: ٢١ی ژوئن.

دۆرا:...

کیت: ئێمە دەمانەوێت ئاهەنگ بگێڕین.

دۆرا:...

کیت: هەمووان دەچن بۆ دەریاچەکە.

دۆرا:...

کیت: ئەگەر بتەوێت دەتوانین بە پێ تا لە لای دەریاچەکە بڕۆن.

دۆرا:...

کیت: دەریاچەیەکی زۆر جوانە. ناوی دەریاچەی کۆنستانسە[١٠].

دۆرا:...

کیت: ماڵئاوا دۆرا.

[١٠] Constance

## دیمەنی شانزەهەم

کیت: (سەیری کۆکردنەوەی بەردە دەگمەنەکانی دەکات).

باوکە پێم بڵێ ئەوروپا چییە؟ تەنها کۆمەڵێک بەردی کۆن.

باپیرە پێم بڵێ ئێرلەندا چییە؟ نیشتمانێکی پڕ لە بەرد، وڵاتێک کە بەردی پەرش و بڵاوی لە ئاسۆدا هەیە. تەنها بەرد یان بەردی کۆن؟ ئەو بەردانەی کە بە هیچ شێوەیەک ئازار نادەن. ئەو بەردانەی کە بێ کەڵکن؟ نەخێر هەموو بەردەکان بێ کەڵکن. باوکە پێم بڵێ ئەمە بەردێکی کۆنە؟ نەخێر ئەمە پارچە چیمەنتۆیەکە. کەواتە، بەردێکی کۆن لە چی دەچێت؟ بەردێکی کۆن زۆر لەوە گەورەترە، ڕەنگەکەی نزیکە ڕەش بێت.

**Bigger than that and almost black**

ڕەش وەک بێتی؟

**No, not as black as Betty.**

کاتێک بە دایکەبێتی م دەمگوت ئەوروپا پڕە لە بەردی ڕەش، بەڵام بەقەد ڕەنگی پێستی ڕەش نییە.

ئەو پێدەکەنی.

تۆ کچێکی زۆر زیرەکت هەیە خاتوو مەکنیڵ[11]

**Shes very clever, your daughter.**
**You should have called her Europe.**

بەڵام ناوم ئەوروپا نەبوو. من ناوم کیت بوو. دایە پێم بڵێ کیت مانای چییە؟

واتە هیچ.

**Nothing?**
**Nothing.**

منیش دەگریام. واتە ناوەکەم هیچ مانایەکی نەبووە؟ بۆچی، بە واتای هەمان کیت دێت.

کەواتە، مەبەستی مەکنیڵ چییە؟ هەروەها ماک نێڤیل بە واتای ماک نێڤیل دێت.

کەواتە، بۆچی خێزانی مەکنیڵ ئێرلەندایان بەجێهێشت؟

**What?!**

باشە بەڵێ دەزانم ئێرلەندات بەجێهێشت. کەواتە، بۆچی ئێرلەنداتان بەجێهێشت؟ باپیرم پێی وتم کە هەموو خێزانی مەکنیڵ ئێرلەندایان بەجێهێشتووە.

**Go and ask him and let me be!**

---

[11] McNoil

باپیرە بۆ ئێرلەنداتان بەجێهێشت؟ چونکە لەسەر خاکەکەم بەردی  زۆر لێ بوو.

سەر زەوی یەکەت چەند بەردی لێ بوو ؟ ڕۆژێک دەستم کرد بە ژماردنی ئەو بەردانەی کە لە خاکەکەم دەمکێشادەرەوە، دە ساڵی تەواوو بەردم ژمارد.

ڕۆژانە نزیکەی ١٠٠ بەردم کۆدەکردەوە... ساڵانە نزیکەی ٣٦ هەزار بەرد. دوای دە ساڵ، نەوەد و نۆ ملیۆن و نۆ سەد و نەوەد و نۆ هەزار و نۆ سەد و نەوەد و نۆ بەردم کۆکردبووەوە. لەو کاتەدا وتم بەسە: ئەم بەردانە زۆرن

.Too many stones. And we went to America

.Too many stones. Thats Europe

زۆر بەردینیە. ئەوروپا مانای ئەوەیە. ڕۆژێک دێت لە ژێر فشاری بەردەکانیدا نوقم دەبێت.

(کیت دەست دەکات بە مەشقی ڕۆژانەی ڕاکردن. لە شوێنی خۆی ڕادەکات).

ئێستاش خەریکە دەخنکێت. ئەمە یەکەم وێنە بوو کە لە ئەوروپا هەمبوو: شاخێکی زەبەلاحی بەردین، جۆرێک لە شاخی سەهۆڵی بەرد کە هێواش هێواش لە زەریادا نوقم دەبێت. بەڵام لە ژێر ئەم شاخەدا، باخچەیەکی بچووکیش هەبوو کە دوو سێ درەختی نەخۆشی تێدابوو... لەو کاتەدا، بە خەیاڵمدا باپیرم لەسەر زەوی بە قووڵنگ کەیەوە چەمابووەوە و ڕۆژانە سەدان بەردی لە خاکەکە دەردەهێنا...

پێم وایە هەر لەبەر ئەم وێنەیە بوو کە ڕۆژێک چوومە بۆسنە. کاتێک پێیان وتم کە دەبێ بچمە یارمەتی کۆمەڵێک پسپۆڕ بۆ دەرهێنانی تەرمەکە، یەکسەر وێنەی باپیرمم بینی کە بەردەکانی لە زەوی دەکێشێتە دەرەوە. هەمووومان بە سروشتی لە بنەماڵەی مەکنیلین خۆلێنین .. بەو جیاوازییەی کە بەشەکەم هەڵکەندنی بوو.

## دیمەنی حەڤدەهەم

**دۆرا، کیت.**

**کیت: سڵاو دۆرا.**

**دۆرا: درۆت لەگەڵ کردم.**

**کیت: هەرگیز، درۆم لەگەڵ تۆ نەکردووە دۆرا.**

**دۆرا: پێویستت بە من نییە.**

**کیت: بۆچی؟**

**دۆرا: پێویستت بە من نییە.**

**کیت: پێویستم بە تۆیە دۆرا.**

**دۆرا: دەتەوێت چی بزانیت؟**

**کیت: نازانم.**

**دۆرا: دەتەوێت چی بزانیت؟**

**کیت: نازانم. تەنها شتێک کە دەیزانم ئەوەیە کە بریومە.**

**دۆرا: منداڵت هەیە؟**

**کیت: دوو کچم هەیە. بەڵام سێ مانگە نەبینیون.**

**دۆرا: تۆ شێتیت.**

**کیت: من شێت نیم.**

**دۆرا: بۆستن چۆن شارێکە ؟**

**کیت: شارێکی جوانە.**

**دۆرا: وێنەیەکت هەیە؟**

**کیت: وێنەی کچەکەم؟**

**دۆرا: نەخێر وێنەی بۆستۆن.**

**کیت: بەڵێ. سبەی وێنەکانی بۆستنتان بۆ دەهێنم.**

**دۆرا: ڕقم لە لێکۆڵینەوەیە کیت.**

**کیت: بەڵام من لێپرسینەوەت لێ ناکەم.**

دۆرا: بۆچی کیت؟ ئێوەی ئەمریکی زۆر لێهاتوون لەم شتەدا، چارەسەری دەروونی... بەڵام ڕقم لە لێکۆڵینەوەیە.

کیت: من لێپرسینەوەت لێ ناکەم.

دۆرا: وا نیشان دەدەیت لێپرسینەوەم لێ ناکیت، بەڵام بەم هەموو تەکنیکە زیرەکانی چارەسەری، تۆ ئەشکەنجەم دەدەیت...

کیت: سوێند دەخۆم دۆرا، من وەک دکتۆر نایەمە لات.

دۆرا: ئێوە زۆر لێهاتوون لە چارەسەری دەروونی.

کیت: دۆرا، تۆدەبێت بەردەوام بیت لە ژیان.

دۆرا: من دڵنیا نیم کە دەمەوێت بژیم کیت.

کیت: دەبێت بژیت دۆرا.

دۆرا: ئەوەی تۆ پێت وایە دەبێ بیکەم هیچ پەیوەندییەکی بە منەوە نییە. ئەم قسە بێمانایە کلیشەییەم پێ مەڵێ کە ژیان لە هەموو شتێکی تر بەهێزترە.

کیت: نەخێر دۆرا.

دۆرا: ژیان لە هەموو شتێک بەهێزتر نییە.

کیت: نازانم.

دۆرا: ئەوە مردنە لە هەموو شتێک بەهێزترە.

کیت: نازانم.

دۆرا: ئەوە هێزی دڕندەیە ،کە لە هەموو شتێک بەهێزترە.

کیت: نازانم.

دۆرا: کیت دەزانی بۆچی هێشتا لە ژیاندام؟

کیت: نەخێر... بۆچی؟

دۆرا: چونکە بۆم دەرکەوت کە خودا بوونی هەیە کیت.

کیت: ڕاستە.

دۆرا: ئەوە ڕق و کینە کە ڕێگری لە مردنم دەکات، ئەوە هەموویەتی. کیت تێدەگەیت؟ تۆ کەسێکی ئایینیت کیت،؟

کیت: نازانم.

«دۆرا یەک بە یەک گەڵای ئەو گوڵی هەڵاڵەیە هەڵدەکێشێت کە کیت بۆی هێنابوو.»

**دۆرا:** ناتوانیت وا لە من بکیت بژیم کیت. ئەم شێوازانە لای من گاڵتەجارن.

**کیت:** دەزانم دۆرا.

**دۆرا:** تۆ ئەوەندە دڵ سادەیت کە من هێواش هێواش خەریکە عاشقت دەبم کیت.

**کیت:**...

**دۆرا:** من حەزم لە تۆیە کیت. وە لەبەر ئەوەی حەزم لێتە، ئامادەم شتێکت بۆ بکەم

**کیت:** چی؟

**دۆرا:** دەزانی کیت، دەزانم چۆن دەمرم.بەڵام تا ئێستا بڕیارم نەداوە کەی بمرم.تۆ تێدەگەیت کیت.

تۆ زیرەکی ، تێدەگەیت کە من ناتوانم بەم شێوەیە بژیم. و بۆیە، چونکە تۆ میهرەبانیت، تەنها بە تۆ دەڵێم کەی دەمرم و بە کەسی تر ناڵێم.

**کیت:** کەی؟

**دۆرا:** بەم زووانە پێت دەڵێم، ڕۆژێک پێشتر پێت دەڵێم...

## دیمەنی هەژدەهەم

**کیت:** لاپەڕەی چاودێری ژمارە پێنج.بابەت ساتەکانی خەبات و ساتەکانی نوقمبوون لەناو خۆیدا بەسەر دەبات. ئەمانە نیشانەیەکی باشن، نیشانەیەک کە توانای ئەوەی هەیە خۆی بخاتە پەیوەندییەکی نوێوە لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا. هێشتا زووە دەربارەی ئەو هۆکارانەی کە بوونەتە هۆی ئەم شۆکە سۆزدارییە لە ناویدابپرسین. لەم خاڵەدا مرۆڤ تەنیا بە سەبرەوە دەتوانێت یادەوەریی خۆی تاقی بکاتەوە.لەم خاڵەدا تەنیا بە سەبرەوە دەتوانین یادەوەریی کانی تاقی بکینەوە.

## دیمەنی نۆزدەهەم

**کیت:** سڵاو.

**دۆرا:**...

**کیت:** چۆنی دۆرا؟

**دۆرا:**...

**کیت:** دەزانی لە خوارەوە تەلەفزیۆنێک هەیە؟، دەتوانیت سەیری تەلەفزیۆن بکیت ئەگەر بتەوێت.

**دۆرا:**...

**کیت:** وێنەکانی بۆستنم بۆ هێناون. دەتەوێت بیانبینیت؟

**دۆرا:**...

**کیت:** (ئەلبومی وێنەکان دەخاتە سەر مێزەکە).

لێرە بەجێیان دەهێڵم. هەر کاتێک حەزت لێیە سەیری بکە.

**دۆرا:**...

**کیت:** دەتەوێت ئێستا نیشانت بدەم؟

**دۆرا:**...

**کیت:** هەرکاتێک بتەوێت نیشانت دەدەم.

**دۆرا:** کیت...

**کیت:** بەڵێ؟

**دۆرا:** ئایا ئەم دەریاچەیە کە باست کرد بەڕاستی دەریاچەی کۆنستانس؟

**کیت:** بەڵێ.

**دۆرا:** کەواتە ئەمە سویسرایە؟

**کیت:** نەخێر ئەمە ئەڵمانیایە. بەڵام سنووری سویسرا چەند سەد مەترێک لێیەوە دوورە. دەتوانیت لە پەنجەرەکەتەوە سویسرا ببینیت.

**دۆرا:** لە کوێیە؟

**کیت:** وەرە من نیشانت دەدەم.

**(دۆرا دەباتە لای پەنجەرەکە).**

ئەم ڤێلایانە لەوێ لەسەر گردەکە دەبینیت؟ سویسرا لەوێیە.

دۆرا: دڵنیای؟

کیت: بەڵێ. ئەم لایەش ئەڵمانیایە. دەستی چەپی ئەڵمانیا دەستی ڕاستی سویسرا.

دۆرا: ئەی ئەوە دیوی دەریاچەکە ؟

کیت: دووبارە سویسرا.

وچان.

دۆرا: کیت...

کیت: بەڵێ دۆرا.

دۆرا: من چۆن گەیشتمە ئێرە؟

کیت: لەبەر ئەوەی زۆر نەخۆش بوویت ،نێردرایت بۆ ئێرە.

دۆرا: سەیرە. هەمیشە حەزم دەکرد سویسرا ببینم... ئەڵمانیاش هەروەها.

کیت: ئێستا دەتوانیت ببینیت.

دۆرا: بەڵێ. ئەم پەنجەرەیە جێگایەکی باشی دانراوە. هەروەها هەم دەتوانین ئەڵمانیا ببینن هەم سویسرا. ئەم شوێنە چییە، نەخۆشخانەیە؟

کیت: جۆرێکە لە خەستە خانەیە .

دۆرا: کەواتە بۆچی لە هەموو شوێنێک نووسراوە؟؟USA

ئەمریکا کیت: لە کوێ نوسراوە؟؟USA

دۆرا: (کورسییەک فڕێ دەداتە خوارەوە).

لێرە.

..United States of America

هەروەها ژمارەی تۆمارکردنی هەیە.D٦٦٣٢

ەمریکییەکان کورسی ژمارە D٦٦٣٢ یان بۆ ناردووم؟

کیت: چونکە ئەم شوێنە پێشتر جۆرێک لە کلینیکی سوپای ئەمریکا بووە.

دۆرا: بۆ شێتەکان؟

کیت: نەخێر. بۆ نەخۆشەکان هەموو جۆرە نەخۆشێک.

**دۆرا: کیت...**

**کیت: بەڵێ.**

**دۆرا: دەمەوێت ئێستا بڕۆم.**

**کیت:...**

**دۆرا: گوێت لە قسەکانم بوو کیت؟**

**کیت:...**

**دۆرا: کیت!**

**کیت:...**

**دۆرا: کیت!!**

**کیت: بەڵێ...**

**دۆرا: بیستت ئەوەی پێم وتی؟**

**کیت: بەڵێ...**

**دۆرا: (بە هیستری.)**

**من دەمەوێت هەر ئێستا لێرە بەجێبهێڵم. من نامەوێت ئەمریکا کورسییە٦٦٣٢ D م پێ بدات.**

**. من دەمەوێت هەر ئێستا بڕۆم! ئەم جێگەی ٣٢٥٠٧F نوستنەم ناوێت.من ئێستا دەمەوێت،لێرەبڕۆم!**

**(دەگری.)**

**من ئەمەوێت برۆم.**

**کیت: بۆ کوێ؟**

## دیمەنی بیستەم

دۆرا و کیت پێکەوە نان دەخۆن. گوڵ و بوتڵێک شەرابی پەمەیی لەسەر مێزەکە. کەشەکە ئاسودە و ئارامە، وردە وردە سەرخۆش دەبن و جۆرێک لە ئینتیما لە نێوانیاندا جێگیر دەبێت.

دۆرا: (لەکاتی خواردندا.)

پیاوی بەڵکان ،پەرداخێک مەی دەخواتەوە، هەستی مێژوو یشی بەئاگا دێتەوە. لە هە رمیخانەی لاروخاوێک، جا لە زاگرێب، بەلگراد، تیرانا [١٢]، ئەسینا، بوخارێست، سۆفیا، لیوبلیانا[١٣] ، یان سکۆپی[١٤] ،

پیاوی خاکی بەڵکان یەکسەر دەبێتە ئینتەرناسیۆنالیست و دەیەوێت هەموو خۆشەویستی خۆی بدات بە دەوروبەری. ئەوە ئەو کاتەیە کە هەموو جیهان بە فەلسەفەی وشەی سەرەکی عیرفان ئاوێنەی بیرکردنەوەی مرۆڤێ باڵکانە ڕووبەڕوودەکات.

هەنگاوێک کە بەهۆیەوە لە گفتوگۆیەکی ڕووکەشەوە سەردەکەوێت بۆ موناقەشەیەکی ورد.

(مۆسیقای تایبەتی قەرچ وکۆچەرەکان. یان ڕەنگە دۆرا گۆرانییەکی کۆچەرەکان بڵێت).

(لەم مۆنۆلۆگانەی خوارەوەدا ئەوە دۆرا نییە کە قسە دەکات، یادەوەری و ئەزموونی ئەو لەبری ئەو باس لە ژیان دەکات. هەر جارێک ڕۆڵی "پیاوەکانی بەلکان" دەگێردرێت، هەمان کلیشە، هەمان قسەی باو و... هەمان خراپەکارییەکان لەبارەی "براکانی خاکی باڵکان"نەوە کە دەڵێن کە لە نەتەوەیەکی جیاوازن.)

دۆرا: (لە ڕۆڵی یەکێک لە "پیاوەکانی باڵکان")

من بۆ خۆم حەزم لە کوچەر وقەرچە کانە.من هیچ کێشەم لەگەڵ ئەواندا نییە،

وەرە گۆرانیم بۆ بڵێ

بە خوا ئەم قەرەچیانە زۆرسەیرن. بەهۆی ڕەگ و ڕیشەیانەوە،هەروەها کەشتی نهێنیش دەبینێت.

شتێکی خۆشیش دەبینێت. بەڵام هەرچییەک بێت ڕاست وایە دەڵێن هەموویان دزن. ئەسپ و مەڕ و مریشک و کەروێشک دەدزن، منداڵ دەدزن. بەروحی پاکت قەسەم، ئێستا گۆرانییە ناوخۆییەکانی ئێمەش دەدزن.

بێ دینانە، باشترین شیعرەکانمان دەدزن و دەچن لە ئەورووپا سی دی بۆ خۆیان تۆمار دەکەن وبە ملیۆنان دۆلار داهاتیان هەیە.

(هەمان ڕۆڵەکان. مۆسیقای ئەلبانی.)

دۆرا: (لە ڕۆڵی یەکی دیکەی"پیاوەکانی باڵکان"دا)

ئەم ئەلبانییانە وەک منداڵ وان، من خۆشم دەوێن، هاوپۆلێکمان لە زانکۆی کۆسۆڤۆ [١٥]هەبوو، ئەو ئەلبانی بوو، کەسێکی تەواو، بێدەنگ، ئارام، هیچ پەیوەندییەکی بە کەسەوە نەبوو، یەکەم خوێندکاری ئێمە بوو زانکۆ، مانگ بوو

[١٢] Tirana
[١٣] Ljubljana
[١٤] Skopje
[١٥] Kosovo

مانگ،، ئەلبانییەکان هەرهەموویان ئەو شتەن کە تۆحەزت لێیە، بە تایبەت باکورییەکان کە کاسۆلیکن، بەڕاستی، من کێشەم لەگەڵیان نییە، گومانتان نەبێت کە ئەم ئەلبانییانە ڕەسەنترین و کۆنترین کەسن لە... باڵکان...

بەڵام دەبێت ئەوە قبوڵ بکرێت کە لە ئەوروپای ئەمڕۆدا، ئەوان دوا کەوتوون، ئەنوەر خۆجە [16] بەجارێک قوڕی کەرد بەسەریان دا، خۆشبەختانە ئێمە کۆمەڵێک خواردنمان بۆ ناردن، سەردەمێکدا نووکەری عالم بوون، سلاڤەکان، سۆڤیەتەکان، چینییەکان ، ودواییش لەگەڵ هەموویان شەڕیان کرد، بێ ئەخلاقن، بۆمان بوونەتە جوداییخواز، دەیانەوێت کۆسۆڤۆ بکەنە هی خۆیان، بۆ مەگەر میراتی باوکیانە؟، توخمە سەگانە، تازە ئەو بەدبەختانە ئەم جورە دەبنە ئینسان؟!!!

(گێلاسەکان لێک دەدەن).

کیت: چیرز!(cheers)[17]

(مۆسیقای بولگاری. دۆرا کە گەرم داهاتووە، لەجێ خۆی سەما دەکات و گۆرانی دەڵێت).

دۆرا: (لە ڕۆڵی یەکێکی تر لە"پیاوەکانی باڵکان"کە دەربارەی"براکانی خاکی باڵکانەکەی" قسە دەکات.)

بولگارییەکان،ئاها،بولگارییە خوێن گەرمن،لەباخەوانی دا سەرسوڕهێنەرن.داپیرەم هەمیشە سەوزەکانی لەم بولگارییانە دەکڕی.یادیان بەخێر،ماست،ماستەکەیان قسەی لەسەر نییە،ماستی بولگاری لە جیهاندایەکی یەکە،شیکن،بۆنی گوڵەکانیان ،بۆنت لێکردوون،بەم گەڵای گوڵە مرەبا دەکوڵێنن.دەبێت جارێک بخۆیت.پەنجەکانیشتی پێوە دەلێسیتەوە،من ئەم بولگارییانەم خۆشدەوێت....بەڵام ئێمە خۆمانین.خەڵکێکی زۆرسەیر ئاڵۆز و کینەدارن،ئەو شەڕەی ساڵی ١٩١٣بەڵکان ،ئەمانە درووستیان کرد،..ئەوان دەیانویست وڵاتەکەیان لە سکیان قەڵەوتر بێت..بولگاری دایک مردوو،...ئەوان دەیانویست هەموو مەکدۆنیا بگرن و ترشیاتی تێدا بکەن.....ئێستا و ئێستایە واز ناهێنن..لە هەر شوێنێک دادەنیشن دەڵێن مەقدۆنیەکان بولگاریین.ناوی هەموو ئەو تورکانەی لە وڵاتەکەیان دا دەژین لابردووە کردوویانە بە بولگاری.....ئەم بولگارییانە تەنها بەزۆر دەتوانێت رام بکرێن ببیانکیت بەبنیادەم، ئەگینا وەک کەرسوارت دەبن

..........بە خۆشیت.....

کیت :چیرز! (cheers)

(گێلاسەکان لێک دەدن و یەکتر ماچ دەکەن. دۆرا بەردەوامە لە هەمان ڕۆڵ.

مۆسیقای تورکی

کیت گێلاسەکان پڕ دەکات

وە دۆرا ڕۆڵی داهاتوو دەگێرێت.)

کیت: ئەمە تورکە!

دۆرا: بەڵێ، کۆتاییەکەیانە.

---

[16] Enver Hodja
[17] بە خۆشیت

**کیت: باشە ئەی تورکەکان چی؟**

**دۆرا: (لە ڕۆڵی یەکی دیکەلە "پیاوەکانی باڵکان"دا)**

**تورکەکان،..من ڕێز لە تورک دەگرم....قوربانی زۆر ووهێزیان بم...سەیری شکۆمەندییان بکەن. پێیەک لە ئاسیا، پێیەک لە ئەوروپا. پیاو بەم دەڵێن...لە هاویندا چوومە ئەستەنبوڵ...ئەمە پێی دەوترێ شار...هەموو ئیمپراتۆریەتی تورک قبوڵی دەکەن،...تەنانەت ئێستاش کە ئێمە تەنها بازرگانی لەگەڵ ئەوان دەکەین....فەرەنسی و ئیتاڵی و ئینگلیزەکان کە لەو پەری جیهاندان، تابیانەوێت بگەنە لای ئێمە کار لە کار ترازاوە...بەڵام ئەم تورکانە بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر بەرهەمدارن!!!.دەبینیت چەندیان لە ئەڵمانیان.؟!!!هەرهەمووشیان پێکەوە کار دەکەن.لەئەڵمانیا چوار ملیۆن ئەڵمانی بێکارە...بەڵام تورکەکانیان هەموویان ڕێکخستنیان بۆ خۆیان کردووە وکار دەکەن...چەند مانگێک لەمەوبەر پیاوێکی تورک نانەواخانەیەکی لە تەنیشت ماڵەکەمان کردەوە، ئێستا من تەنها نانی تورکی دەخۆم، تۆ خواردووتە؟...وەک من دەبینم تورکەکان هێواش هێواش دەچنە ناو باڵکانەوە.**

**دەبینیت..؟!!من هیچ هاوڕێیەکی تورکم نییە، بەڵام ڕێز لە هەموویان دەگرم...بەڵام ئێمە خۆمانین...من زۆریش پێم خۆش نییە کە جێگەی نانەواکانمان بگرنەوە....وەک ئەوە وایە بیانەوێت تێ مان بگەیینن کە ئێمە نازانین نان دروست بکەین....سەیرکە ئێمە چەند بەدبەختین کە ئێستا تورک دەبێت فێرمان بکات چۆن نان دروست بکەین،...من حەزی پێ ناکەم ...کاتێ نوێترین مۆدێل تەنوور نمایش دەکەن...کە بە پارەی ئێمە لە ڕۆژئاوا کڕیویانە...**

**(بەردەوامی ڕۆڵگێران. مۆسیقای سربی.)**

**کیت: باشە، باقیەکەی...**

**دۆرا: سربییەکان...**

**کیت: سربەکان، من حەزم لە سربەکانە...**

**دۆرا: هاوسەرەکەم خۆی سربییە، لەنێو سلاڤەکانی باڵکان، سربەکان لە هەموویان گەرمترینن ، ڕۆحیان یەکێکە لەو ڕۆحە کۆنانە، سەرەتاییبوونێک لەوان ماوەتەوە کە مێژوو دەهەژێنێت، سربەکان لەڕادەبەدەر سەرنجراکێشن چونکە سروشتیان دڵتەزێنە، هەر بۆیە.. ڕاستە نەفرەت لێکراوان ...ئەوەندە کەیف خۆشن ... کەیف خۆش و یاخین، چونکە ئەم بێ ماڵ و حاڵی ، نامۆبوونی باوباپیرانیانە لە ڕیخۆڵە و جگەریاندا بەجێماوە، بەڵێ سربەکان خوێن گەرمن ، ئەوەندە گەرمە کە پێستیان دەسوتێنێت، سربەکان دەبێت هەمیشە لە جوڵەدا بن، من خۆم ژنەکەم سربییە. سربەکان هەموویان لە خۆشی بێکۆتایی خۆیاندا جوانن...**

**کیت: بەڵام...**

**دۆرا: بەڵام هەندێک جار زۆر زیادەڕەوی دەکەن،لە ڕاستیدا هەمیشە زیادەڕەوی دەکەن،، هیچ سنوورێکیان بۆ خۆیان نییە، بەگشتی سربەکان هەموویان زۆر ناسیۆنالیستن، هەموویان شێتن، ئەوان تەنها بیر لە ئیمپراتۆریەتی ونبووی سەدەی ١٤ دەکەنەوە،بیر لەو پیاوە دەکەنەوە....ئیتیان دوشان [١٨] کەیان، ئاخە لەو کاتەوە هیچ غەڵەتێکیان نەکردووە، تەنها بەرازیان لەوەڕاندووە، وانییە؟!!!من ڕاستیەکی ناڵێم؟!!! ، کێ دەتوانێت ئەمڕۆ باسی سربیای گەورە بکات، من کاتێک کەسێک باسی سربیام لەگەڵ دەکات، هێڵنج دەدەم، هاوسەرە پێشووە کەم کە خۆی سربی بوو، بۆ سربی یەکی دایک بەختەتا بە جێیی هێشتم ، سربی یەکی دایک بەختەتای دایک مردوو .**

---

[١٨] Etienne Douchan

(یەکتر ماچ دەکەن، دەخۆن، دەخۆنەوە. ڕۆڵگێران بەردەوامە. مۆسیقای کرواتی).

**کیت:** (دەم پڕە.)

ئەمە چییە، ئەم...

**دۆرا:** (بە دەم پڕەوە.)

کرواتیەکان...

**کیت:** ئاە، کرواتیەکان، من حەزم لە کرواتیەکانە...

**دۆرا:** بینیوتە زەوی و خاکەکەیان چەند جوانە، پاکە، دەمێنیتەوە، کاتدرایی گەورەی زاگرێبت بینیوە،؟!! ئەم کرواتییانە جوانن، دیارە کاسۆلیکن، دیارە کە لایەنگری ومەیلی بەرەو شارستانیەتی لاتینن، ئەو... لاتینیەکان، پاپا، کەش و فەزای هەوای ڤێنیز، کرواتیەکان ڕۆحێکی ناسکیان هەیە،پوختەن، بەکورتی ئەوان وەک دەریای ئادریاتیک وان، عەقڵی کراوەن، سلاڤی ڕۆژئاواییین، باشە بێگومان بە دڵنیایەوە. مافی ئەوەیان هەیە ڕێنووسی سیریلیک فڕێ بدەن و بە ڕێنووسی لاتینی بنووسن.، سەد ساڵ بە خێرایی پێشکەوتن، وانییە، ، من کرواتیەکان باش دەناسم، هەموویان وەک برا دوانەمان وان.....

**کیت:** (لەکاتی خواردنیدا، بە دەمی پڕەوە.) بەڵام...

**دۆرا:**... بەڵام دەزانی......کەس لە براکەت زیاتر ناتوانێت ئازارت بدات.کرواتیەکان بەم جۆرەن، لە پشتتەوە خەنجەرت لێ دەدەن ، تا رووت وەردەگێری، خیانەتت لێدەکەن، بیرتانە لە ساڵی ١٩٤١دا چییان کرد ، چوون بۆ لای نازییەکان،هەرهەموویان کلکەوە، بێگومان هەموویان جگە لە تیتۆ[١٩] ، کرواتیەکان بەم شێوەیەن، هێشتا دەستیان لەگەڵ ئەڵمانییەکان تێکەڵە، تاکە نیشتمان لە دڵیاندا ئەڵمانیایە، ئاخ لە دەست ئەم کرواتیانە... نۆش تان بێ!

**کیت:** نوش!

(مۆسیقای یۆنانی.)

**کیت:** دەزانم ئەوەیان چییە ...یۆنانی.

**دۆرا:** یۆنانیەکان...

**کیت:** یۆنانیەکان، من یۆنانیەکانم خۆشدەوێت...

**دۆرا:** مرووڤ حەز بەیۆنانیەکان دەکات

**کیت:** بینیوتە چۆن سیرتاکی[٢٠] ت بۆ لیدەدن؟

**دۆرا:** یۆنانیەکان شێتن،... ئەم یۆنانیانە چەند جوانن....، کاتێک یۆنانییەک هاوڕێیەتیت دەکات هەموو شتێکت پێدەدات، ئەم یۆنانیانە شوێنپێی خۆیان لە مێژوودا بەجێهێشت، ئەوان بوون یەکەم خشتی شارستانیەتیان دانا...

**کیت:** بەڵام.

---
[١٩] Tito
[٢٠] Sirtaki

**دۆرا: (سەماکردن ڕادەگرێت.)**

**بەڵام دەزانی یۆنانی ئەمڕۆ چیتر یۆنانی کۆن نین، یۆنانی ئەمڕۆ هەموویان وا بیردەکەنەوە کە ئەوان میرات و پاشماوەی پەریکلیسن[٢١]، ...زۆر گاڵتەجاڕن، جلێ یەکپۆشی سەربازەکانیانتان بینیوە...**

**کیت: جلێکی لادێییە!**

**دۆرا: واو ئەو یۆنانیانە، میلەتێکی بازرگانی و بێ ویژدان، ئێستا بە پارەی یەکێتی ئەورووپا ڕێگایەکی ئازاد بۆ خۆیان دروست دەکەن...**

**کیت: نا؟!**

**دۆرا: بڕوا بێ!**

**(شامپاین دەکەنەوە. شامپاین دەخۆنەوە. ڕۆڵگێران بەردەوامە. مۆسیقای هەنگاریا. شامپاین کاریگەری لەسەر جووڵەکانیان هەیە).**

**کیت: ئەمە؟؟...**

**دۆرا: هەنگاری...**

**کیت: ئای! من حەزم لە هەنگارییەکانە، حەزم لێیانە...**

**دۆرا: ئەم هەنگارییانە مرۆڤی داهێنەرن.بینیوتە ئەم هەنگارییانە بە چ زمانێک قسە دەکەن؟**

**کیت: زمانەکەیان وەک هیچ زمانێکی تر نییە...**

**دۆرا: تۆ لە یەک وشە تێناگەیت، لە هیچ شوێنێک لاتینی نییە...**

**کیت: سلاڤیش نییە...**

**دۆرا: تەنانەت یۆنانیش نییە...**

**کیت: تورکی هەرگیز!!**

**دۆرا: تەنانەت ئەڵمانییش نییە...**

**کیت: هەنگاریە!**

**دۆرا: هەنگارییەکان بەم شێوەیەن، وەک کەس نین، یاخی ، فەتحکەر، بینیت، چۆن ویرای ، ساڵی ٥٦ دژی مۆسکۆ ڕاپەڕن؟ باوەڕ پێنەکراوبوو، ئەوان دەیانویست لە ساڵی ٥٦دا کۆمۆنیزم بوهەمیشە بتەقیننەوە، ئەم هەنگارییانە جگەریان هەیە. هەڵبەت قەرەبووەکەیان دایەوە، بەڵام دوای ئەوە بینیتان، ژیانیان لە ژیانی ئێمە باشتر بوو، تەنانەتت لە کاتی کادار[٢٢] ئازادییان زیاتر بوو، کارەکەیان باشتر بوو، وەک ئەوەی سۆڤیەتی برا گەورە،بۆ برا بچووکەکەی هەنگاری خۆی ،زیاتر لە برا بچووکەکانی تری ڕێزی دەگرت. ئەم هەنگارییانە لە مێژووی خۆیاندا پیاو بوون.**

---
[٢١] Pericles
[٢٢] Kádár

**کیت:** بەڵام...

**دۆرا:...** بەڵام ، هەلپەرست، نەرگسی خۆپەرست، خزمەتکاری نەمساییەکان، بیر لە چی دەکەردەوە؟!، پێیان وابوو ئیمپراتۆریەتی گەورەی نەمسا-هەنگاریا هەزار ساڵ دەژی؟ ئەم خۆبەزلزانینە ئیمپراتۆرییە لەناویان برد، ئەم زیادەڕەوییە، ئەم...

(بەردەوامی هەمان ڕۆڵگێران. مۆسیقای ڕۆمانی.)

**کیت:** ئای باوکە! نایەوێت کۆتایی پێبێت.

**دۆرا:** دەزانی ،ئاخە  باڵکانیەکان کەم نین... ڕۆمانییەکان...

**کیت:** (ڕۆڵی بێزاری دەبینێت.)

من حەزم لەم ڕۆمانییانە...

**دۆرا:** تاکە نەتەوەی لاتینی ناوچەکەیە، بینیت کاتێک قسە دەکەن، وەک ئەوە وایە بە فەرەنسی قسەت لەگەڵ بکەن. لە نێوان دوو جەنگی جیهانیدا، دەزانی چییان پێ دەگوت بوخارێست، "پاریسی بچووک"، من حەزم لەم ڕۆمانییانە ، ژمارەیان زۆرن ، ژنانی ڕۆمانی ، پێویستە لەتورکیا لەشفرۆشی ڕۆمانی ببینی ، لەشفرۆشەکانی خۆمان ئێستا فێری زمانی ڕۆمانی دەبن بۆ ئەوەی هەموو کەس لە ئەستەنبوڵ وا بیر بکاتەوە کە ڕۆمانین. ڕۆمانین ، من کەزۆرم خۆشم دەوێن...

**کیت:** بەڵام...

**دۆرا:...** بەڵام زۆر باوەڕیان بە چارەنووس هەیە،، خۆپەرستن وپرووەسوەسەن، هەمیشە لایەنی براوەکان دەگرن، تەنانەت زمانەکەیان پڕە لە وشەی سلاڤی، ئەوان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ئەوان نەباڵکانی نین ونە خەڵکی بەڵکانن .دەڵێن سنووری باڵکان ڕووباری دانوبە،. بەڵام کەس بەقەد ڕۆمانیەکان باڵکانی نین

**کیت:** (بۆ خێراکردنی یارییەکە قسەکانی دۆرا دەبڕێت).موسڵمانان؟

**دۆرا:** موسڵمانانی بۆسنە؟ ئەو داماوانە ئازارێکی زۆریان چێشت. مافی خۆیانە ولاتێکیان بۆ خۆیان هەبێت.  بینیتان لە سەرایێڤۆ[٢٣] چۆن بەرەنگاری بوون؟

**کیت:** بەڕاستی ئافرین!

**دۆرا:** ئەم موسڵمانانە وەرەیان هەیە. من زۆر موسڵمانانی بۆسنەم خۆشدەوێت...

**کیت:** بەڵام...

**دۆرا:** بەڵام نابێ ئەوەمان لەبیر بچێت کە ئەوان سەرەتا سلاڤ بوون و دواتر بوون بە موسوڵمان.

ڕاستگۆیانە بڵێم مرۆڤ نازانێت ئەوانە چین. سەد ساڵ لەمەوبەر بە "تورک " ناویان دەبردن.

پاشان تیتۆ هات و بیری لە داهێنانی نەتەوەیەکی موسڵمان کرد کە لە هیچ شوێنێکی جیهان بوونی نییە. کە لە هەمان کاتیشدا سعودیە نارەزایی دەربری.

[٢٣] Sarajevo

**کیت:** (سەرخۆش و سەرکەوتوو.) ڕەشپێستەکان...

**دۆرا:** کێ ؟!

**کیت:** ڕەشپێستەکان...

**دۆرا:** ئێمە لە باڵکان مرۆڤی ڕەشپێستمان نییە.

**کیت:** بەڵێ، بەڵام...

**دۆرا:** بەڵام...

**کیت:** «بەڵام» ئەم بەڵامە... لە هەموو شوێنێک هەیە... پێت وایە ئەم "بەڵام"ی باڵکانەکەت تەنها بۆ باڵکانە؟ نەخێر وانییە. تۆ هەڵەیت خۆشەویستەکەم... دەبێت ڕۆژێک بێیتە وڵاتی من بۆ گوێگرتن لە مۆسیقای «بەڵام»ی بەڵکانەکانی ئەمریکا...

ڕەشپێستەکان، زۆرباشن... ڕەشپێستەکان، من حەزم لە ڕەشپێستەکانە،... واو، مۆسیقای سەرسوڕهێنەریان هەیە، ....، ئەوان بوون کە مۆسیقای "بلوز[٢٤]"یان داهێنا، هەرئەوان گۆرانی ئینجیلیانGospel Song داهێنا، خەڵکی ڕەشپێست، تۆ بۆکسێرەکانیان بینی، ڕەشپێستە، محەمەد عەلی کەلیی[٢٥]، ..

**دۆرا:** من حەزم لە مرۆڤە ڕەشپێستەکانە...

**کیت:** بەڵام...

**دۆرا:** بەڵام...

**کیت:** بەڵام...

**دۆرا:** بەڵام

**کیت:** بەڵام کێشەکە ئەوەیە... کێشەکە کێشەی ڕەشەBlack Problem

. **دۆرا:** کێشەیەکی "ڕەش".

**کیت:** ئەوان وەک ئێمە نین...

**دۆرا:** (ڕۆڵی کەسێک دەبینێت کە زوو تێدەگات).

چونکە ئەمانە ڕەشن!

**کیت:** نەخێر ئازیز... بەم شێوەیە بیڵێ هەمووان دەڵێن تۆ ڕەگەزپەرستیت... پێویستە بڵێیت پێست ڕەشن...ئەوان هیچ کولتوور و ڕۆشنبیری وپەروەردەیان نییە... بۆگەنن... چەوسێنەر وکێشە سازن... ئاژاوەگێر...و قاچاخچیین و لەوە خراپتریش... هەندێک جار دوعا دەکەم خودا بێت و یەک بە یەک هەموو ئەم بەدبەختانە سپی بکاتەوە

[٢٤] Blues
[٢٥] Clay

... ئایا تەنها ئەم ڕەشپێستە خوێناوییە گێلانەن Fucking bloody niggersکە باوکمان لەیەک دەدڕێنن... ئەرێ براگیان... خۆزگە تەنها ئەوان بووایە...

دۆرا: (پێدەکەنێت.) سوورپێستەکان!!!

کیت: تەواو...سوورپێستەکان

دۆرا: چەند جوانن...

کیت: بەو پەڕانەوە... سەرسوڕهێنەرن...

دۆرا: بەڵام...

کیت: بەڵام...

دۆرا: بەڵام...

کیت: بەڵام مەگر خودا لە بینیان بەرێت ، سوور پێستیکیی باش،سوور پێستیکی مردووە...... a good Indian is a dead one...

دۆرا: Shiiit

کیت: بەڵێ......Yeah ........ئەی باسی مەکسیکییەکان ناکیت؟

دۆرا: ئێمە مەکسیکیمان لە باڵکان نییە...

کیت: بەڵام...

دۆرا و کیت... باڵکانییەکان لە هەموو شوێنێکن...

دۆرا: تۆ وتت مەکسیکییەکان، من حەزم لە مەکسیکییەکانە...

کیت: ئەم مەکسیکیانە زۆر کەیف خۆشن.

دۆرا: کڵاوی گەورەیان هەیە...

کیت: سۆمبرێرۆ[٢٦]...

دۆرا: پۆنچۆ[٢٧]...

کیت: گیتار...

دۆرا: بەڵام...

کیت: بەڵام...

---

[٢٦] کڵاوی مەکسیکیSombrero:

[٢٧] جلی مەکسیکی: پۆنچۆPoncho

**دۆرا: بەڵام...**

**کیت: بەڵام هەموویان دەیانەوێت بێنە وڵاتەکەمان،، the bloody fucking Mexicans**

**هەموویان دەیانەوێت بێنە ئەمریکا.ئەم مەکسیکییە بێ دایک و باوکانە،هەموو ڕۆژێک،.... ڕۆژانە هەزاران کەس لەم مەکسیکییە خوێناوییە گێلانە bloody fucking Mexicans سنوورەکانمان دەبەزێنن ودێنە لامان و ناشیرینترین کار دەکەن.!oh, Goodness**

**دۆرا: باسی پورتوریکو[٢٨] یەکان بکە...**

**کیت: ئاها،پورتوریکویەکان...**

**دۆرا: من حەزم لە خەڵکی پورتوریکویە...**

**کیت: بەڵام...**

**دۆرا: بەڵام...**

**کیت: (ڕۆڵی ڕەگەزپەرستێکی توندڕەو دەگێڕێت و مشتێکی لەسەر مێزەکە دەدات).**

**من لەم پورتوریکویانە بێزارم، تف لە روویان!**

**دۆرا: کێی تر...؟!!!**

**کیت: زیاتر...؟**

**دۆرا: ئازتێکەکان[٢٩]...**

**کیت: ئاه، من حەزم لەم ئازتێکانە...**

**دۆرا: ئازتکەکان، ئازتکەکان زۆر میهرەبانن**

**کیت: ڕاست دەکیت، بەڵام...**

**دۆرا: بەڵام...**

**کیت: بەڵام...**

**دۆرا: بەڵام ئازتێک! هەر ئەوە کە هەیە!**

**کیت: ئای!...ڕاستەکەی...تۆ نمری...لەبیرم چووبووە...ئازتێک...هەی بە نەفرەت بن...**

**دۆرا: تەنها لە شێوەیی؟... وەکوشێوەی... کێن؟!!!**

**کیت: لە شێوەی ... پاتاگۆنییەکان...**

---

[٢٨] **Puerto Rico**
[٢٩] **Aztecs**

**دۆرا: پاتاگۆن[30]یەکان، بەڵێ...**

**کیت: پاتاگۆنیا...، پاتاگۆنیا...**

**دۆرا: بەڵام...**

**کیت: بەڵام...**

**دۆرا و کیت: پاتاگۆنیان و تەواوو! پیس وپووخەڵ**

**(مۆسیقای ڕۆک، سەمادەکەن. (پێدەچێت سەمایەکی ڕۆک و ڕۆڵ بێت).)**

[30] Patagon

## دیمەنی بیست و یەکەم

کیت: چەند تەکنیکێک هەیە بۆ دەرهێنانی تەرمێک. هەر بۆیەلەسەر گەڕان بەدوای تەرمی مردوودا خولێکی ڕاهێنانم کرد . مرۆڤ ناتوانێت بەهەر شێوەیەک پێی خۆش بێت بیەوێت تەرم دەربهێنێتەوە. گەڕان بەدوای تەرمی مردوودا پێش هەموو شتێک کارێکی دادوەرییە. «تەرم گەڕ» ئەو کەسەیە کە سەرەتا کوشتنێک دەدۆزێتەوە. «تەرم گەڕ» ئەو کەسەیە لە کاتی دەرهێنانی تەرمی قوربانییەکە (یان باشتر بڵێین قوربانییەکان) نابێت دەست لە هیچ شتێک بدات.ئەگەر «تەرم گەڕکە» بە تەواوی ئاشنای کارەکانی نەبێت،لەکاتی دۆزینەوەی شوێنی کوشتنەکە لەوانەیە هەموو شوێنەوارەکانی بسڕێتەوە.

زۆرجار گەڕانکەری تەرمەکە لە هەمان کاتدا لەگەڵ تەرمی قوربانییەکە چەکی کوشتنەکە دەدۆزێتەوە. وەک فیشەکێک، ئەگەر قوربانییەکە بە فیشەک کوژرابێت. بەڵام هەموو ئەو کەلوپەلانەی کە لە دەوروبەر و لەسەر جەستەی قوربانیدان بەهای دادوەرییان هەیە چونکە بە هاوکاری ئەوان دەتوانرێت تاوانەکە و بارودۆخی تاوانەکە بنیات بنرێتەوە. بۆیە بەرپرسیارێتی لاشەگەڕەکە بەرپرسیارێتییەکی زۆر قورسە. لە هیچ بارودۆخێکدا نابێت تەرمەکە لە شتە کەسییەکان جیا بکرێتەوە کە بتوانێت یارمەتیدەر بێت لە ناسینەوەی قوربانییەکە.

گەڕانکەر ناچارە ئاگاداری هەموو شتێک بێت، لە هەموو وردەکارییەکان، بەبێ ئەوەی بچووکترین زیان بەو ئامرازە بگەیەنێت کە دەیدۆزێتەوە

گەڕان بەدوای تەرمی مردوودا چەندین قۆناغی جیاوازی هەیە. سەرەتا پێویستە بۆ دڵنیابوون لە بوونی تەرمەکە بوارەکە هەڵسەنگێندرێت، . پاشان، پێویستە چینەکانی خاک لەبەرچاو بگرێت و پشکنینی ئەو چینانەی خاک بکات کە جەستە دادەپۆشن. بە پشتبەستن بە تایبەتمەندی ئەم چینانە و پێکهاتەیان (خاک، خۆڵ، بەرد، چیسی کۆنکرێت و هتد)، پێویستە ئامرازی گونجاو بۆ لابردنی خاک وخۆڵەکە هەڵبژێردرێت. قۆناغی سێیەم بریتییە لە لابردنی تەواوی. هەنگاوی چوارەم بریتییە لە پاراستنی ئەو شتانەی کە دۆزراونەتەوە. قۆناغی پێنجەمی تاقیکردنەوەکە.

هەموو ئەم کارانە دەبێت بەشێوەی گرووپی ئەنجام بدرێن.هەر گرووپێک بریتین لە ڕووپێوکارێک، فۆتۆگرافەرێک، شوێنەوارناسێک، پزیشکێکی دادوەری، داواکاری گشتی، چەند پسپۆڕێکی سەربازی بۆ ئاوەدانکردنەوەی ئەو دیمەنەی کە قوربانییەکان تێیداکوژراون وئێعدا ویا لەسێدارە دراون، هەروەها پسپۆڕێکی دەروونناسی. دەبێت دەروونناس لە کاتی نەشتەرگەریدا ئاگاداری باری دەروونی ئەندامانی گروپەکە بێت. هەر کە زانی یەکێک لە ئەندامانی گروپەکە لە دۆخێکدا نەماوە کە درێژە بە کارەکانی بدات، دەبێت بچێتە و لە مەیدانەکە دووری بخاتەوە. پێویستە باری دەروونی بۆ هەڵبسەنگێنێت و پێشنیاری بکات بۆ ماوەیەک واز لە گەڕان بهێنێت.

بەم شێوەیە بۆ من هاتمە بۆسنە. وەک دەروونناسێک بۆ گروپەکانی گەڕان بەدوای جەستەدا.ئێستا من خۆم بووم بە «تەرم گەڕ» . من کیت مەکنیلم، تەمەنم سی و پێنج ساڵە، دەرچووی زانکۆی هارڤاردم، پسپۆڕم لە نەخۆشیی وەسوەسەی ناچاری و شیکاری دەروونی، نووسەری تێزێکی دکتۆرام لە ٧٧٠ لاپەڕەیە لەسەر فرۆید و چەمکەکانی لە نارسیسیسم [٣١] سەرەتایی، هاوسەرگیریم کردووە و دایکی دوو کچم .

من، کیت مەکنیل، دەبێ شەرم لە خۆم بکەم، شەش مانگە خێزانەکەمم نەبینیوە و کاتێکی زۆرم نییە بیریان لێ بکەمەوە چونکە پێویستییەکی دیکە لە ژیانمدا هاتۆتە پێشەوە، گەڕان، هەڵکەندن، دەرهێنانی تەرمی بۆسنە بە ناوی ئەمریکا وهاوپەیمانان، شارستانیەتی ڕۆژئاوا، ڕێکخراوی نیشتمانی نەتەوەیی، دادپەروەری، ڕاستی، یادگاری و داهاتوو.باری هەموو ئەمانە چەندە قورسە لەسەر تۆ، کیت مەکنیل! بەڵام تۆ هەرگیز ناتوانی ئارامی بدۆزیتەوە ئەگەر تێنەگەیت بۆچی.؟!!!

---

[٣١] Narcissisme

## دیمەنی بیست و دووەم

(دۆرا زەنگ لێدەدات. چەند جارێک پەیوەندی دەکات، هەر جارێک بێ هیواترە. کیت دەێتە ژوورەوە.)

دۆرا: دەمەوێت منداڵەکەم لەبار ببەم.

کیت: بەڵێ دۆرا...

دۆرا:هەر ئێستا... ئێستا...

کیت: بەڵێ دۆرا...

دۆرا: ئێستا.

کیت: هەر چونێک بۆ خۆت ئارەزووی دەکیت...

(وچان.)

بەڵام دەبێت کەمێک چاوەڕێ بکیت.

دۆرا: نامەوێت چاوەڕێ بکەم. من لەش پیسم من بەم کۆرپەلە لە سکمدا پیس بووم...

کیت: بەڵێ...

دۆرا: کیت، نامەوێت لە سکمدا هەست بە جوڵەی بکەم .

کیت: ناجووڵێت.

دۆرا: هەر ئێستا دەجووڵێت! هەستی پێ دەکەم، هەست دەکەم

(وەستان. دۆرا سەیری بۆشایی ئاسمان دەکات).

هەست دەکەم گەورە دەبێت. نامەوێت... دەمەوێت ڕزگارم کیت.

کیت: مانگێکی تر ئەم کارە دەکەین.

دۆرا: کیت...

کیت: بەڵێ.

دۆرا: من ڤۆدکام دەوێت.

کیت: باشە.

(کیت دەڕوات.)

## دیمەنی بیست و سێهەم

(دۆرا بە سکی دووگیانەوە،لە جێگاکەیدا.گرژی وژانی هەیە.دەلەرزێت.ئارەقەی کردووە.

کیت لە تەنیشتی دانیشتووە. هەموو ئەو شتانەی دەیڵێت زیاتر چارەسەری دەروونییە نەک دانپێدانان، بۆیە تۆنەکەی تۆنێکی ئاسایی نییە. کیت ۆ ئەوەی دۆرا دڵنەوایی بداتەوە بەردەوام قسە دەکات دۆرا گوێ لە قسەکانی ناگرێت یان ڕەنگە بە هیچ شێوەیەک گوێی لێ نەبێت.)

کیت:(وەک کچێکی بچووک) پێم بڵێ باپیرە ئەمریکا چییە؟ (بە تۆنی پیرە پیاوێک)ئەمریکا کۆمەڵێک بەردە کە بە شێوەی ڕاست لەسەر یەک کۆکراونەتەوە.

(بۆ دورا.)

دەبێت پێتان بڵێم چۆن باپیرم چیرۆکی هاتنی بۆ ئەمریکا بۆ دەگێرایەوە.

ساڵی دوو سێ جار ئەم چیرۆکەی دووبارە دەکردەوە، هەر جارێک کەهەموو خێزانەکەمان بۆ جەژنی کریسمس، سەری ساڵ یان جەژنی ئیستەر کۆدەبوونەوە.

باپیرە پێم بڵێ چۆن هاتی بۆ ئەمریکا؟

سواری کەشتییەکی گەورە بووین.

زۆر گەورە؟

نەخێر، گەورەتر.

بەقەد ئەم ژوورە گەورەیە؟

نەخێر، گەورەتر.

بەقەد ئەم خانووە گەورەیە؟

دیسانەوە گەورەتر.

هێندەی ماڵ و حەوشە و کۆلانەمریشکەش گەورەیە؟

گەورە وەک ئەم شەقامە.

من بڕوا ناکەم.

وەرە سەیری ئەم کەشتییە بکە.

(وێنەیەکی کۆن دەردەهێنێت).

ئەم پیاوە، لە دەکی سێیەمدا، ئەمە منم. ئەمە داپیرەتە. ئەمە باوکتە.

ناتوانێت وابێت، چونکە ئەو لە من بچووکترە.

ڕاستە باوکت لەو کاتەدا لە تۆ بچووکتر بوو.

ئەوە کێیە؟

ئەمە مامە جۆرجە. ئەمە مامەسیمۆنە. ئەمە مامی ویلیام. ئەمە پوورە میرییە.

ئەمە پوورە کلارایە. ئەمە داپیرەی تۆیە کە ساڵی ڕابردوو کۆچی دوایی کرد.

کەواتە ئەی من، بۆچی لێرە نیم؟

تۆ دواتر لەدایک بوویت، لێرە.

کەشتییەک؟

کەشتییەک چی؟

کەشتییەک بە بەرد دروست کراوە؟

نەخێر کەروێشک جوانەکەم، کەشتی بە بەرد دروست ناکەن.

دۆرا: (وەڕینە دەکات.)نا..نا..نا...

کیت: کاتێک باپیرم هاتە ئەمریکا، بوو بە بەردبڕ؟ .بەردەکان هەرگیز لێی خۆش نەبوون.بەردەکانی خاکەکەی، ئەو بەردانەی کە کۆی کردبووەوە و بەردەکانی تر، ئەوانەی کە هێشتا کۆی نەکردبووەوە، هەموویان بەدوایدا ڕۆیشتن بۆ ئەمریکا. هەمیشە بیری لەوە دەکردەوە کە بەردەکانی ئێرلەندا و بەردەکانی ئەمریکا دەستیان بەیەکەوە داوە بۆ ئەوەی ژیانی وەک ژەهر تاڵ کەن.

(وەستان. و بێدەنگی)

دۆرا: ئەم منداڵە باوکی نییە.

کیت: بۆچی، هەیەتی.

دۆرا: ئەم منداڵە ناوی نییە.

کیت: بۆچی، تۆ خۆت ناوی لێ بنێ.

دۆرا: هەرگیز نابێتە منداڵم. من نەمدەویست. کەس نەیدەویست. ئەمە

منداڵێکی بێ دایک و باوک. ئەم منداڵە بوونی نییە کیت!

کیت: بۆچی؟ لە سکتدا گەشە دەکات. دایکی، تۆی.

دۆرا: ئەی باوکی؟ کێ دەبێتە باوکی؟ ئەگەر ڕۆژێک لێم بپرسێت باوکم کێیە چی؟

ئایا وەڵامی بدەمەوە، پێی بڵێم باوکی کێیە؟

کیت:جەنگ. باوکی جەنگە.

دۆرا: مەحاڵە،ناتوانم من قسەیەکی وای پێ بڵێم. چۆن قسەی وەهای پێ بڵێم؟

چۆن مرۆڤ بە منداڵەکەی بڵێت ئەزانی نازیزم باوکت شەڕە. ناتوانێت لەوە تێبگات.

کیت: ڕۆژێک دێت تێدەگات.

(وچان.)

دەبێت بۆت بگێرمەوە کە باپیرم چۆن بوو بە بەردبڕ؟

(دەنگی باپیری دەبیسترێت).

سەرەتا لە دوورگەی ئێلیس[٣٢] دایانناین.نووسینگەی کۆچبەران لەوێ بوو.

دەمزانی دەبێت وا نیشان بدەین کە پاک و تازە وکەیف خۆشین.

چونکە ئێمە ئێرلەندی بووین و ئینگلیزیمان زۆر باش بوو، یەکسەر قبوڵیان کردین.پاشان سواری بەلەمەکە بووین بەرەو مانهاتن[٣٣].کاتێک گەیشتینە ئەوی، کابرایەکم بینی تابلۆیەکی بە دەستەوە دەجووڵاند:

[٣٤]**Woolworth Building Company.**

[٣٥]Good stone workers wanted

من هەرگیز بەردبڕ نەبووم. تاکە ئاواتم ئەوە بوو پارچە زەوییەکی بێ بەرد بدۆزمەوە، لە شوێنێکی ڕۆژئاوا، کە لەگەڵ خێزانەکەمدا کاری تێدا بکەین.

دۆرا: نا! نا! نا!

کیت: بەڵام من تەنها دە دۆلارلە گیرفانمدا بوو. سەیری ژن و پێنج منداڵ و دایکمم کرد.هیچیان نەیاندەزانی ئەمشەو لە کوێ دەخەون. بڕیارمدا بەختی خۆم تاقی بکەمەوە. یەکەم ئۆفەری کار بوو کە لە ئەمریکا هەمبوو و دەترسام بەم زووانە دووەمیان نەبینم. لە کابرا نزیک بوومەوە و وتم من بەردەم خۆش دەوێت.

[٣٦]**I like stones.**

کابرا لێی پرسیم: تا ئێستا بەردبڕیت کردووە؟

[٣٧]**Have you ever cut stones?**

وتم بەڵێ.وتی لە کوێ؟پێم گوت

[٣٨]**.In my garden**

---

[٣٢] **Ellis Island**
[٣٣] **Manhattan**
[٣٤] کۆمپانیای بیناسازی وولۆرس
[٣٥] کرێکاری باشی بەرد دەویست
[٣٦] .من حەزم لە بەردەکانە
[٣٧] تا ئێستا بەردت بڕیوە؟

لە حەوشەکەمدا. کابرا لە وەڵامەکەم ڕازی بوو و سەعاتێک بە پەنجا سەنت کارێکی پێدام. کە سەیری پشت خۆمەوەم کرد و بینیم کە هێشتا هیچ نەبووە، دە سمێڵ زڵ ڕیزیان گرتووە و پێدەچێت بیانەوێت بەرد ببرن. وتم باشە. دوای ئەوە بۆ ماوەی سی ساڵ بەردم بۆ هەموو ئاسمان ڕوتەکانی نیویۆرک تاشیی. بۆ

[39]Woolworth building

کە تا ٢٤٠ مەتر بەرز دەبووەوە بەردم تاشی.پاشان بۆ

[40]Walter Chrysler Building

کە بە ٣٢٠ مەترەکەیەوە  شکستی بە بینای وولۆرس هێنا،دوای ئەوە٣٨٠ مەتر

[41]Empire State Building

دروست کرد و دواتر

[43] Irving Trust Company Building و[42] Rockefeller Center

وە زۆر شوێنی تریش. هەزاران بەردم بۆ ئەرزەکان بڕی. بۆ سەقفەکان،بۆ دیکۆرات، بۆ ستوونەکان، بۆ کەوانەکان، بۆ پلیکانەکان، بۆ پاسەوانەکان،بۆ تەراسەکان...بەم شێوەیە بەردم دەبڕی. بۆ ماوەی سی ساڵ، هەموو ئەو بەردانەی کە لە ئێرلەندا بە شێوەی ئاسۆیی کۆم کردبووەوە، لە ئەمریکا بە شێوەی ڕاست لەسەر لە یەک وەک ستوونێکدا دامنا.

**(وچان.)**

**دۆرا:** کیت!

**کیت:** بەڵێ؟

**دۆرا:** خەریکە دەجووڵێت!

**کیت:** دڵنیای؟

**دۆرا:** ئەوە منی لە خەو هەڵساند.

**کیت:** باشە. من لەگەڵتان دەمێنمەوە.

**دۆرا:** زۆر دەخوات.هەمیشە برسییە.ئەم ئاژەڵە هەمیشە برسییە.خە ریکە دم خوات.خەریکە لە نێوەوە دم خوات.گوێم لە دەنگی جاوینەکەیەتی....

**کیت:** من لێرەم. من لە لات دەمێنمەوە.

---

[38] لە باخچەکەمدا
[39] بینای وولۆرس
[40] بینای واڵتەر کرایسلەر
[41] بینای ئیمپایەر ستێت
[42] سەنتەری ڕۆکفێلەر
[43] بینای کۆمپانیای ئیرڤینگ تراست

دۆرا: گوێم لە گەورەبوونیەتی..... خەریکە بە ڕیخۆڵەکانمدا دێتە سەرەوە...خەریکە لە دڵمەوە دێتە دەرەوە...ئێش و ئازارم هەیە... ئیتر ناتوانم... بەرگەی ناگرم..... خەریکە هێڵنجی دەدەم... دەبێت دەریبێنن کیت.

کیت: زۆر زووە.

دۆرا: من سەرمامە! خەریکە ساردم دەکاتەوە. وەک پەلەوەرێکی سارد خەریکە سەرمام دەداتێ.دەلەرزم... خەوم نایێت. وەک بەرمیل ئاوساوم... پێویستی بە شوێنی زیاترە... چیتر ناتوانم.... ناتوانم...

کیت: بخەو، من ئەم لێرەم...

(وچان. دۆرا لە خەوێکی تێکچوودایە. کیت بە دەنگێکی نزم درێژە بە قسەکانی دەدات.)

کیت: کاتێک پرسیار لە باوکم دەکرد کە لە کوێ کار دەکات، بە تۆنە نهێنییەکەیەوە دیوت: لە بەشی فریاکەوتنی گەورەترین بانکی ئەندامەکانی جەستە لە کەنارەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەمریکا. بەو مانایە بوو کە دەتوانن بۆ نموونە کاتژمێر دووی بەیانی لە خەو هەڵستێنن بۆ ئەوەی بە پەلە بروات بۆ سپرینگفیلد[44]، یان وۆرسێستەر[45]، یان فۆڵ ڕیڤەر[46]، یان هەر شارۆچکەیەکی دیکەی ویلایەتی ماساشوستس. هەندێک جار تەنیا بەیانی دەهات، لەگەڵ مامی نانی بەیانی دەخوارد و دەڕۆیشت.

باوکە دوێنێ شەو چیت لەگەڵ خۆت برد؟

دەیگوت دڵێکم لەگەڵ خۆم بردووە و نیگای لە بۆشاییدا ون بووە.

زۆر دەگمەن بوو باوکم هەشت کاتژمێر لەسەر یەک بخەوێت. بەگشتی دوای هەر "گەیاندنێک" تەنها بۆ ماوەی دوو سێ کاتژمێر بێکار بوو.

مۆبایلەکەی لە دامێنی جێگاکەی دادەنا و یەکسەر خەوی لێدەکەوت. بەدرێژایی منداڵیم، تەنیا دەمبینی خەوتووە، بەخێرایی هەڵدەستێت و دەڕۆیشت یان دەگەڕایەوە ماڵەوە و لەسەر ئەو مێزە دانیشتبوە کە دایکم خواردنی پێ دەدا.

باوکە دوێنێ شەو چیت لەگەڵ خۆت برد؟ "بەخشەرێک"م لەگەڵ خۆم برد.

"بەخشەر" بەگشتی کەسێکی بەدبەخت بوو کە لەسەر ڕێگای خێرا یان شوێنێکی تر هەلا هەلا بووە و بڕیار بوو یەکێک لە ئەندامەکانی بۆ کەسێکی دیکەی بەدبەخت بگوازرێتەوە کە یان سییەکان و پەنکریاس ویا جگەری نەبوو.

"بەخشەر" یان مردبوو یان لە مردندا بوو، توانای ئەو ئەندامەی کە بڕیار بوو "وەرگر"ی جەستە بێت، پەیوەست بە خێرایی ئەو کاتە بوو کە ئەم دوو بەدبەختە لە ژوورێکی نەشتەرگەریدا یەکتریان دەبینی.

هەندێک ڕۆژ، باوکم "وەرگرەکان" لەگەڵ خۆی دەبرد.

لە نانی بەیانی[47]دادەنیشیت و دەیگوت: من ڕزگارم کرد، ڕووخساری لەوکاتەدا، قەشەی کڵێسای دوای بانگەشەی ڕۆژانی یەکشەممەبیر دەخستمەوە.

---

[44] Springfield
[45] Worcester
[46] Fall River
[47] Breakfast

**بەڵام ساڵانە دوو سێ جار ڕوویدەدا کە ڕۆژ یان شەو ئارامامان هەبێت. باوکم سەیری ئاسمانی دەکرد و دیوت: ئەمشەو شەوێکی ئارام دەبێت. بەو مانایە بوو کە ئەو شەوە کەس لە هیچ شوێنێک پێویستی بە چاندنی پێست و چاندنی چاو و چاندنی دڵ و چاندنی گورچیلە و خوێن و مۆخی ئێسک نەبوو...**

**بەڵام باوکە چۆن دەزانی ئەمشەو شەوێکی ئارام دەبێت؟**

**ئەویش سەیری دەرەوە دەکرد، چاوی لە تاریکی دەبڕی و وەڵامی دەدایەوە، هەستی پێدەکەم.**

**وەک ئەوە وابوو کە کوریەرێکی نهێنی ئاماژەی پێکردبێت کە ئەمشەو هەموو شتێک باش دەبێت**

**(دۆرا لەناکاو لە خەو هەڵدەستێت).**

**دۆرا: من بینیم!**

**کیت: چۆن بینیت؟**

**دۆرا: لە تاریکیدا!**

**کیت: کێ؟**

**دۆرا: هەر ئێستا. بەسەر من دا چەمابووەوە.**

**کیت: چۆن بوو؟**

**دۆرا: هیچ ڕووخسارێک نەبوو.**

**کیت: ڕووخساری نەبوو؟**

**دۆرا: نەخێر، تەنها...**

**کیت: تەنها...؟؟؟**

**دۆرا: دەمێک... هەموو بوونەکەی دەمێکی کراوە و سەرسوڕهێنەر بوو...**

**کیت: بخەو دۆرا. من لێرەم...**

## دیمەنی بیست و چوارەم

(دۆرا بە تەنیا، لە تاریکیدا).

دۆرا: من لێرەم...

تۆ کێیت؟

منم، من

کێ؟!!

منم.

من تۆ نابینم.

بۆچی.

چیت لە من دەوێ؟ بڕۆ!

من برسیمە.

دیی من چی بکەم؟

دەبێت خۆراکم پێ بدەیت.

تۆ هەموو گۆشتەکەمت خوارد. دەتەوێت چی تر پێ بدەم؟

دەبێت خۆراکم پێ بدەیت!

هەموو خوێنم پێداویت. چی ترت دەوێت بخۆیت؟

من برسیمە، تۆ دایکی منیت. دەبێت خۆراکم پێ بدەیت.

من دایکی تۆ نیم. من نەمدەویست دایکت بم. هەرگیز نابم بە دایکت. تۆ دایکت نییە.

بۆچی. تۆ دایکی منیت. پێویستە خۆراکم پێ بدەیت.

ئیتر هیچم نییە. ئیتر هیچ شتێک خواردنی لە مندا نییە . من پووک و خاڵیم ، ڕۆحیشم  پووک و خاڵییە.

ئەگەر چیترخواردنیم پێ نەدەیت، دەقیژێنم وهاوار دەکەم.

بەقیژێنە، هاواربکە! دەمەوێت گوێم لە هاوارەکردنەکەت بێت.

(هاوارێکی ترسناک دەبیسترێت. دەنگی ژنێکە کە دەستدرێژی دەکرێتە سەر).

نا! نا!تەواوی کە!!

(هێشتا هاوارەکردنەکە دەبیسترێت).

نا! نا! بۆ خاتری خودا! بەوێستە! ڕاوەستە!

(ڕەنگە قسەی ژنێک بێت کە دەستدرێژی دەکرێتە سەر).

نا! یارمەتیم بدەن! یارمەتیم بدەن! تکایە یارمەتیم بدەن! بسە! بمکوژە! تکایەبمکوژە!

(وەستان. چەند چرکەیەک بێدەنگی).

باشە! ڕاوەستن! ڕاوەستن!

من راوەستام. باشە؟

تۆ چیت ئەوێ؟

پێم گووتیت. من دەمەوێت تۆ خۆراکم پێ بدەیت. یان تۆ خۆراکم پێدەدەیت یان دووبارە دەست پێدەکەمەوە.

نا،نا، تۆ نایکیت. من خۆراکت پێ دەدەم. من خواردنت دەدەمە.

## دیمەنی بیست و پێنجەم

(دۆرا لەسەر جێگاکە دانیشتووە و لەسەر سینییەکی خواردن پاڵکەوتووە.

نانی بەیانی باش وزۆر دەخوات. دەخوات و دەگری. دیجاوێت و چاوی لە شوێنێکی نادیار بڕیوە. دەمی زۆر پڕە، شوێنی کەرە و مرەبا لەسەر لێو و چەناگەی ماوەتەوە.)

دۆرا: من لێرەم...

تۆ کێیت؟

منم، من

کێ؟

من.

من نازانم تۆ کێی.

خۆت شێت مەکە. زۆر باش دەزانی من کێم.

نەخێر نازانم تۆ کێیت؟ من تۆ ناناسم، تۆ بوونت نییە.

بۆچی، من بوونم هەیە. تۆ خۆت بڕیارە من بە دوونیابێنیت.

نەخێر هەرگیز تۆ بە دوونیا ناهێنم.

بۆچی، دەبێت تۆمنبە دوونیا بێنێت.

نەخێر پێویست ناکات تۆ بەدوونیابێنم.

هیچ ڕێگەیەکی ترت نییە. تۆ دایکی منیت هەروەها دایک دەبێت منداڵەکەی بە دوونیا بێنێت.

مافی لەدایکبوونت نییە. تۆ منداڵی جەنگیت. دایک و باوکت نییە. لە ڕق ونەفرەت و کینە لەدایک بوویت. تۆ منداڵی نەفرەتی.

سەیرکە ئەگەر بە دوونیام نەهێنیت ، هاوار دەکەم.دەقیژێنم.

(هاواری ترسناکی ئەو ژنە دەستدرێژی کراوەتە سەر. کیت دەێتە ژوورەوە.)

کیت: من لێرەم.

دۆرا: نامەوێ منداڵم ببێت.

کیت: دۆرا...

دۆرا: من نامەوێ منداڵم ببێت... ئەو دەیەوێت من بە دوونیایی بێنم، بەڵام من نامەوێت... بۆ وا هاوار دەکات؟ پێی بڵێ جارێکی تر بەو شێوەیە هاوار نەکا.

کیت: دۆرا ئەگەر ئەم منداڵەت ناوێت بیدە بە من.

دۆرا: بەڵێ دەیدەم بە تۆ.

کیت: بەڵێ من ئەوەم دەوێت.

دۆرا: بەڵام ئێستا بیبە.

کیت: ئێستا ناتوانم بیبەم . بەڵام کاتێک لەدایک دەبیت ئەگەر پێت بدەیت یەکسەر دیبەم.

دۆرا: نەخێر. ئێستا لای برە. ئەگەر ویستت ئێستا بیبرە.

کیت: باشە دۆرا.من هەڵیدەگرم بۆخۆم

(لە تەنیشت دۆرا پاڵدەکەوێت. لە باوەشی دەگرێت).

با بخەوین

## دیمەنی بیست و شەشەم

(کیت لە ژوورەکەیدا جگەرە دەکێشێت. زۆر نارەحەت و توڕەیە ولە ڕووخساری سەری لێ شێواوی دیارە. یاداشتنامەکەی لەسەر مێزەکە کراوەیە.)

کیت: ئەگەر لە دارستانێکی دوور لە سرێبرینیکا[٤٨] بیت و لە زەوییە بێ دارەکەدا ئەم شتانەی خوارەوەت بینی کە لەسەر دە مەتر چوارگۆشە لە ناوەڕاستی چیمەنەکەدا بڵاوبوونەتەوە:

دوو سەد و چل و حەوت قاپوورە فیشەک.

جێگرەوەیەکی پاسکیل.

مەمکێکی منداڵ.

کڵاوێکی سەلامەتی ڕێکخراوی نیشتمانی بە پیتەکانی U.N کە بە تەواوی سڕاوەتەوە.

پارچەی سترێچەرێک.

. سێ پاکەت جگەرەی ڕانهیل[٤٩]

یازدە دەبەی بەتاڵی بیرەی کرواتی.

کاتژمێرێکی زەنگی شکاو.

بۆرییەک لە مەعجونی ددانی وردکراو وپرت کراو.

تەلێکی دڕکاوی سێ مەتری و نیو.

لەتە تەفەنگێکی شکاو.

کیتەیەکی نایلۆن پڕ لە پەتاتەی ڕزیو.

تیشێرتێک کە ناوی ئێلڤیس[٥٠] لەسەرە.

پشتێنەیەکی سەربازی چەرمیی ڕەنگ گۆڕاو و ئەو قەڵغانەی بەهارە کە بۆ هەڵواسینی نارنجۆکێکی دەستی بەکارهاتووە لابراون.

پۆستکارتێک کە وێنەی تاوەری ئیفڵی لەسەرە، کە دێڕەکانی لە پشتەوە نووسراون ناخوێنرێتەوە.

کەواتە، ئەگەر لە دارستانێکی دوور لە سرێبرینیکا بیت و هەموو ئەمانە لە زەوی بێ دارەکاندا پەرش و بڵاو ببینیتەوە، ئەوا چانسی پەنجا لە سەدت هەیە کە لە نزیک چەند تەرمێک بیت.

(دۆرا دەێتە ژوورەوە. سکی زۆر لە جاری ڕابردوو گۆڕترە).

---

[٤٨] Srebrenica
[٤٩] Ronhil
[٥٠] Elvis

دۆرا: (بەبێ ئەوەی سەیری کیت بکات)

کەواتە ئەوە ئەو شوێنەیە کە تۆ تێک چۆیت ؟

کیت: بەڵێ، ئەوە بوو کە من تێکەڵم کرد.

دۆرا: کەسیش لە هیچ تێنەگەیشت؟

کیت: نەخێر، چونکە من دەروونناسی گروپەکە بووم.

دۆرا: دوای دۆزینەوەی تەرمی دەیەم بوو؟

کیت: دوای حەڤدەهەمین.

دۆرا: چیتر نەتدەتوانی ئەو ژمارە موڵکانە ببینیت کە لەسەر هەر تەرمی مردووێک لێدرابوو.

کیت: نەمتوانی.

دۆرا: ئیتر نەتتوانی دەنگی شۆفڵ و پیک و چەقۆ و فڵچە کە لێی دەدرا،هەڵیاندەکەند،دەیانساویی،گێسک یان لێدەدا،وە خەریکی ڕشتن بوون،بەبیستی

کیت: نەخێر، نەمتوانی

دۆرا: ئاگالێ بوون وهێشتنەوەی "ئەوە شتانەی کە لە زەوی دەرهێنراون" بە واتا ولە ڕاستیدا، پرۆسێسکردنی تەرمەکان، کە پەیوەستە بە دۆخی شیبوونەوەیان، تۆش ئیتر بەرگەی ئەمەت نەدەگرت.

کیت، نەمتوانی.

دۆرا: وە هەموو ئەو ڕاهێنانە تەرمانەی کە بینیوتە، ئێستا شەرمەزاریان دەکردی.

کیت: ڕاستە.

دۆرا: بۆ نموونە یەکەم یاسای تەرمەکان، کە دەڵێت پێویستە بە پاکی بگەڕێیتەوە. ،گێسک  لیدانی بەردەوامیەکێکە لە باشترین گەرەنتیەکان بۆ پشکنینی دروست لەکاتی گەڕان.

کیت: (جگەرە دەکێشێت، گریانێک ،قوڕگی  دەگرێت.) ڕاستە

دۆرا: (لە کیت نزیک دەبێتەوە. شانەکانی دەگرێت.) هەر بۆیە داوای ئەوەت کرد بنێردرێت بۆ شوێنێکی تر. بۆ نموونە..

کیت: ڕاستە.

دۆرا: (سەیری یاداشتنامەی کیت دەکات؛ دەبێت لەوە تێبگەین کە دۆرا خوێندوویەتیەوە.) بۆ نموونە، ڕاست ئێرە، بۆ بەکارهێنانی شێوازێکی نوێ، شێوازی پاککەرەوەی تۆ لە چارەسەری دەروونی ئەو ژنانەی کە لە بۆسنە دەستدرێژییان کراوەتە سەر.

کیت: (بێ جووڵە دەمێنێتەوە، چاوەکانی [ڕەنگە] پڕ بن لە فرمێسک. دۆرا ماچی دەکات).

## دیمەنی بیست و حەوتەم

دۆرا، بە تەنیا لە تاریکیدا.

دۆرا: من لێرەم.

تۆ چیت ئەوێ؟ چی ترت لە گیانی من دەوێت؟ من خواردنم پێدایت، چی ترت دەوێت؟

من نازانم.

ئیتر نامەوێت گوێم لە دەنگت بێت. من خواردنم پێدایت. ئێستا بێدەنگ بە.

ناتوانم بێدەنگ بم چونکە دەترسم.

بێدەنگ بە. بەجێم بهێڵە. دەبێت پشوو بدەم.

بەڵێ، بەڵام... من دەترسم.

ئەمەوێ بخەوم. ئیتر نامەوێت گوێم لە دەنگت بێت. دەمەوێت بە ئاسودەیی بخەوم.

دەمەوێت تۆزێک نازم بکیت.

ناتوانم نازت بکەم. نەخێر. ناتوانم. خۆراکم پێدایت، ئەوەت بەسە.

نەخێر دەمەوێت تۆزێک نازم بکیت. من دەترسم و دەمەوێت تۆزێک نازم بکیت.

ناتوانم نازت بکەم نازانم چۆن نازت بکەم.

من دەترسم ،ئەگەرنازم نەکیت، هاوار دەکەم...دەقیژێنم...

## دیمەنی بیست و هەشتەم

دۆرا، بە تەنیا.

دۆرا: بۆچی ئەم منداڵەت دەوێت کیت؟ تۆ شێتیت؟!!! خۆت دوو منداڵت هەیە. ئەوان منداڵی خۆتن. تۆ مێردت هەیە؟ خێزانێکت هەیە ؟ژیانت لە شوێنێکی ترە. بۆچی لێرە دەسووڕێنەوە؟ تۆ بەرپرسیار نیت. تۆ تاوانبار نیت.

تۆ لێرە لەدایک نەبوویت. تۆ ئەمریکییت. تۆ لە ئەوروپا لەدایک نەبوویت. تو لە ئەمریکا لەدایکبوویت. ڕاستە ڕەگ و ڕیشەی تۆ لە ئێرلەندایە. بەڵام ئێرلەندا دوورگەیەکە. دوور لە ئەوروپا. ئەوروپا شتێکە، ئێرلەندا شتێکی تر. دیسان کاری تۆ نییە ڕۆڵی ئەمریکییەک ببینیت کە دان بە گوناهەکانیدا بنێت. تۆ نوێنەری حکومەتی ئەمریکا نیت. تۆ سەرۆکی ئەمریکا نیت. تۆ بریکاری تایبەتی ویژدانی تاوانباری ئەمریکا نیت.

(وەستان. کیت دەچێتە ژوورەوە).

دۆرا: بۆچی ئەم منداڵەت دەوێت کیت؟

کیت: چونکە دەمەوێت.

دۆرا: ئیتر ناتوانی منداڵت بێت؟

کیت: بۆچی؟

دۆرا: کەواتە لەبەر ئەوەیە کە حەزت لە منداڵانە؟

کیت: بەڵێ من منداڵانم خۆشدەوێت.

(وچان.)

دۆرا: بۆچی ئەم منداڵەت دەوێت کیت؟

کیت: نازانم.

دۆرا: تۆ شێتیت کیت؟

کیت: نا نیم.

دۆرا: ئەم منداڵەت دەوێت بۆ تاقیکردنەوە فرۆیدییەکانتان؟

کیت: نا.

دۆرا: دڵنیای؟

کیت: نەخێر.

دۆرا: هەوڵ مەدە یاری بە ویژدانی تاوانباری ئەمریکا بکیت.

کیت: نەخێر.

**دۆرا:** کەواتە ئەم منداڵەت بۆ چی دەوێت کیت؟

**کیت:** چونکە من ئەوەم دەوێت.

**دۆرا:** نادەم بە تۆ کیت.

**کیت:** بۆچی؟

**دۆرا:** ئەم منداڵە نادەم بە ئەمریکا.

**کیت:** من ئەمریکا نیم. من نوێنەری حکومەتی ئەمریکا نیم. من سەرۆکی ئەمریکا نیم. ڕەگ و ریشەی من لە ئێرلەندایە.

**دۆرا:** پێم باشترە بمرێت، نەک بیدەم بە ئەمریکا.

**کیت:** (نزیکە لە تێکچوونی ڕوحی ودەماردا).

من ئەوەم ئەوێت! تەواوو! لەگەڵ ئەم هەموو تەرمانەدا کە لە نیشتمانەکەت هەڵم کێشاوە، شایەنی ئەوەم منالێک لەگەڵ خۆمدا ببەم بۆ وڵاتەکەم!

**دۆرا:** بەسە کیت. هەرگیز ئەم منداڵەت نابێت.

**کیت:** (بە هێواشی سەیری بۆشایی ئاسمان دەکات).

تۆسکت گۆڕە،کاتێک بیر لە سکت دەکەمەوە،گۆڕێک دەبینم، پڕە لە تەرمی وشک، یان ئاوساو، یان ڕزیو... ئێستا لەم گۆڕەدا، کەسێک دەجووڵێت... بوونەوەرێکی زیندوو... لەنێو ئەم هەموو مردووانەدا، شتێک زیندووە ... تەنها ئەوەی دەیەوێت دەربهێنرێت... ناتوانم ڕێگەی پێبدەم بیکوژێت دۆرا. بۆ ئەوەی فێری کردنەوەی گۆڕەکان بم هاتووم بۆ وڵاتی ئێوە.

هەر جارێک گۆڕێکم دەکردەوە، بەو ئومێدە گەمژانەیە کە رزگاربوویەک بدۆزمەوە، ئەو کارەم دەکرد... ئەم منداڵە رزگاربووە دۆرا. دەبێت ڕزگار بکرێت

دەبێت لەم گۆڕە بیکێشریتە دەرەوە... تەنهائەوە... ئەوەندە سادەیە... دەبێت لەم گۆڕە دەریبهێنیت...

(دەنگی فڕۆکەیەک کە خەریکە هەڵدەستێت. قسە بۆ دۆرا دەکات بەڵام ڕاستەوخۆ قسەی لەگەڵ ناکات؛ کاتی ڕووداوەکان گۆڕاوە).

چۆن پێت بڵێم دۆرا سروشت ڕقی لە بۆشاییە؟ کە یاساکانی سروشت هیچ پەیوەندییەکیان بە ڕەشەباکانی دڕندەیی مرۆڤەوە نییە... سەیرکە منداڵەکەت کوڕە. وەک هەمیشە دوای جەنگ کوڕان زیاتر لە کچان لەدایک دەبن. دۆرا هیچ سروشتێکی نییە مامەڵە لەگەڵ کەسانی بێشەرەف بکات. سەرەڕای ئەوان بەردەوامە لە کاریگەری خۆی. وە کارەکانی، وەک هەمیشە نهێنی و پڕە لە جوانی.

دەبێت زوو بڕۆم دۆرا. دەبێت بگەڕێمەوە بۆ لای منداڵەکانم.

## دیمەنی بیست و نۆهەم

کیت: (نامەیەکی بەدەستەوەیە)

فەرماندەی باڵای بەڕێز،

بەپێی داواکاریی ئێوە، ڕاپۆرتی چالاکییەکانی چواردە مانگی ڕابردوو لە بۆسنە

پێشکەش دەکەم.

بە کورتی بیرتان دەخەمەوە کە من ئەندامی ئەرکی هەڵسەنگاندنی پێداویستییە پزیشکییەکان بووم لە کرواتیا و بۆسنە، دواتر بووم بە ئەندامی یەکێک لەو گروپانەی کە بەرپرسیارن لە ناسینەوەی جەستە لە ناوچەکانی کراجینا[٥١] و سرێبرینیکا، و بە پشتبەستن بە داواکارییەکەم، گواستمەوە بۆ ناوەندێکی پزیشکی ناتۆ لە ئەڵمانیا.

داواتان لێدەکەم لە یەکەمی ئاوریل بگەڕێمەوە سەر کارەکەم لە کلینیکی دەروونی شیکاری لە بۆستن لە ویلایەتی ماساشوستس.

پێشوەختە بۆ هاوکاریکردنت سوپاستان ئەکەم

کیت مەکنیل.

(وچان.)

دۆرا: (قسە بۆ کیت دەکات بەڵام ڕاستەوخۆ لەگەڵی ئەویدا نییە؛ کاتی ڕووداوەکان گۆڕاوە).

چۆن پێت بڵێم کیت ڕقم لە وڵاتەکەمە؟ ئیتر نیشتمانم نییە، ئیتر نامەوێت بگەڕێمەوە ئەوێ. کە تاکە شتێک کە من دەمەوێت ئەوەیە دوور بکەومە لەم خاکە نەفرەتییە، لەم خاکە قێزەونە... ئیتر نامەوێت ماڵەکەم ببینم... چونکە ئیتر ماڵم نییە. نامەوێت بزانم کەسوکارم لە ژیاندا ماون یان نا. ئەگەر شەڕیش کۆتایی بێت، ئەم خاکە بۆ ماوەیەکی زۆر بە نەفرەتلێکراوی دەمێنێتەوە. ڕق ڕیشەی لێ داکوتیوە، هاواری قوربانییەکانی، شەرمی بۆ هەمیشە تێدا دەمێنێتەوە. ساڵهای و ساڵ ئەو کەسانەی تێیدا دەژین کە فشار بۆمێشکیان دێنن بۆ ئەوەی تێبگەن کە چۆن ئەم جۆرە شتانە مومکین بوون. بۆ هەمیشە هەمان پرسیار لە خۆیان دەکەن: کێ دەستی پێکردووە؟ کێ خراپترین بوو؟ چۆن دەیانتوانی هەریەکەیان بە نۆرەی خۆیان ئەوەندە پەست و بێشەرەف بن...

(وچان)

دۆرا: (بۆ خۆی.)

چۆن پێت بڵێم کیت ڕقم لە وڵاتەکەمە؟

کیت: هیچ کەس ناتوانێت ڕقی لە وڵاتی خۆی بێت.

دۆرا: چۆن پێت بڵێم ئیتر نیشتمانم نییە؟

کیت: هەموومان لە شوێنێک لەدایک بووین.

[٥١] Krajna

دۆرا: چۆن پێت بڵێم نامەوێت بگەڕێمەوە بۆ زێدی خۆم؟

کیت: ڕۆژێک دێت دەگەڕێیتەوە.

دۆرا: چۆن پێت بڵێم تاکە شتێک کە من دەمەوێت ئەوەیە لەم خاکە نەفرەتییە دوور بکەومەتەوە، لەم خاکە بێزارییە...

کیت: ڕۆژێک دەتەوێت جارێکی تر ماڵەکەت ببینیتەوە.

دۆرا: ئیتر ماڵم نییە.

کیت: ڕۆژێک دەتەوێت بزانیت کام لە خزمەکانت لە ژیاندا دەمێنێتەوە.

دۆرا: ئیتر مرۆڤی زیندوو لە دڵمدا نییە.

کیت: وڵاتەکەت وێنەیەکی هەیە. هەمیشە ئەم وێنەیە لە دڵتدا دەهێڵێتەوە.

دۆرا: دەتەوێت بزانیت لەسەر نیشتمانەکەم چ وێنەیەکم لە دڵ هەیە ؟ دەتەوێت بزانیت؟ نیشتمانەکەم وێنەی سەربازێکی سەرخۆشی سەرسوڕهێنەری هەیە کە خەنجەرەکەی لەسەر قاچی پانتۆڵی سوپاکەی پاک دەکاتەوە و دەیخاتە ناو غەلافەکەیەوە. دوای تف لە تەرمی ئەو پیاوە دەکات کە قوڕگی بڕیوە.

نیشتمانەکەم وێنەی پیرە پیاوێکی هەیە کە لە ڕیزی پەنابەران دێتە دەرەوە و لەسەر چیمەن پاڵدەکەوێت بۆ ئەوەی ماندوێتی نەهێڵێت. لەسەر ئەو چیمەنەی کە مینێکی دژە مرۆیی لێیە.

نیشتمانم وەک ئەو دایکە وایە کە دەبینێت یەک جلی سەربازیی کوڕەکەی یەک دوگمە نەماوە. خێرا دوگمەکە دەدوریت و دواتر کوڕەکەی دەنێژێت.

نیشتمانم وەک باوکێک وایە ڕۆژانە بووکەڵەیەک بۆ کچە حەوت ساڵەکەی دروست دەکات کە سێ سەد و چل و شەش ڕۆژە مردووە.

نیشتمانم سەربازێکە لە خواردنەوەکەیدا کۆنیاک و ڕاکی و شەراب و ویسکی و هەر ئارەقیکی تر تێکەڵ دەکات، بەمەش دەڵێن ئارەقە؛؛ fighting cocktail [٥٢] دوای ئەوە دیخواتەوە و دەچێتەوە ناو سەنگەرەکەی.

وڵاتی من ئەو داپیرەیە کە دەبێت کاتێک شەڕ دەست پێدەکات هەڵبێت و پێش ئەوەی بڕوات خاکی بەردەم ماڵەکەی ماچ دەکات.

وڵاتی من ئەو پیاوە پیرە گوندنشینەیە کە سەیری ئەو سەربازانە دەکات کە دەێنە ناو گوندەکەیەوە و لێیان دەپرسێت: "ئێوە خۆمانەن؟"

نیشتمانم ئەو ئاوارە موسڵمانەیە کە لە گوندێکی هەنگاری گیانی لەدەست دا، گوندێکی هەنگاری کە گۆڕستانی موسوڵمانانی تێدا نییە و کەس نازانێت موسڵمانێک بنێژێت، .

وڵاتی من هەمان گەڕەکی ڤوکۆڤارە [٥٣] کە ناوەکەی گۆڕدرا ونێویان نا بلواری تانکە سووتاوەکان.

وڵاتی من ئەم نووسینەیە کە دەتوانرێت لە هەموو شوێنێکی سەرایێڤۆ بخوێنرێتەوە: pazi!! snajper [٥٤]

[٥٢] کۆکتێلی شەڕکردن
[٥٣] vukovar

ئاگاداربە لێرە تەقە دەکەن! دیسان لە سەرایێڤۆ خاچی سوور خواردن بە خۆڕایی بە خەڵک دەدات، ئەمە تامی وڵاتەکەمە.

باشترە پێت بڵێم، وێنەی وڵاتەکەم ئەو سێ سەربازەیە کەمیز لەسەر وێرانە دوکەڵاوییەکانی ئەو ماڵە دەکەن کە ئاگریان تێبەرداوە.

یان ڕەنگە وێنەی ئەو سەربازە بێت کە لەسەر دەرگایەک بە سپرای سوورەوە دەنووسێت: ئێرە سربییە. دوای دوو هەفتە لەسەر هەمان دەرگا نووسیویەتی: ئێرە کرواتیایە.

ئەمە وڵاتی منە: سەربازێکی تەمەن ١٨ ساڵ کە گاڵتەجاڕییە ووەک زەرفەکانی شیر خاڵی لەسەر قوڕگی کێشاوەتەوە و لە خوارەوە نووسیویەتی: لێرەوە ببڕە.

یان ڕەنگە وڵاتەکەم ئەو نووسینەیە لەسەر دارێکی سەرایێڤۆ کە دەڵێت: Hello! Im still alive[٥٥]

یان ڕەنگە زنجیرە تەلەفزیۆنییەکەی سانتا باربارا[٥٦] بێت کە کەس نەیویست لە موشتەر لەدەستی بدات، کاتێک شارەکە لە لایەکەوە بە سربەکان و لە لایەکی دیکەوە کرواتیەکان گەمارۆ درابوو.

ئەمە وڵاتی منە، ئەم گەنجەی خەڵکی کارلۆڤاچ[٥٧] کە دەیویست ببێتە تەقەکەر و بەرگری لە وڵاتەکەی بکات، بەڵام پشکەکەی لە سێ فیشەک زیاتر نەبوو لە ڕۆژێکدا.

یان ڕەنگە وڵاتی من ئەم گوندە نشینەبێت کە لە دارستاندا خۆی دەشارێتەوە، چونکە چێکنیکەکا[٥٨]ن یان ئوستاشی[٥٩] هاتن و گوندەکەیان داگیر کرد. دوای سێ ڕۆژ، کوژرا، چونکە بڕیاریدا بچێت خۆراک بدات بە ئاژەڵەکانی، کە خەریک بوو لە برسێتیدا بمرن، چونکە چیتر بەرگەی بیستنی دەنگی بۆڕاندنی مانگاکانی نەدەگرت...

[٥٤] سەرنج بدە!! قەناس بەدەست
[٥٥] سڵاو! من هێشتا لە ژیاندام
[٥٦] Santa Barbara
[٥٧] Karlovac
[٥٨] Tcheknik
[٥٩] Oustachi

## دیمەن سی یەم

**(دۆرا نامەیەک دەنووسێت.)**

**دۆرا: کیتی بەڕێز، نازانم دواتر چی دەکەم. چەندین داواکاری پەنابەریم بۆ باڵیۆزخانەی چەند وڵاتێک ناردووە: کەنەدا، ئوستراليا، ئەفریقاباشووری**

**من ئەمریکام نەدەویست.**

**منداڵەکەم باشە. ئێستا کێشی شەش کیلۆیە.**

**دوایین جار کە پەیوەندیت پێوە کردم، ویستت بزانیت کەی بەڕاستی بڕیارمدا بیهێڵمەوە.**

**ئەو ساتەت بۆ وەسف دەکەم.**

**ڕۆژێک دوای ڕۆشتنی تۆ لە ژوورەکەم دەرچووم و ڕۆیشتم لای دەریاچەکە . من بە پێ دەڕۆیشتم و سەیری دەریاچەکە و دارەکانم دەکرد... لەناکاو نووسینێکم بینی کە لەسەر دارێک چەسپیبوو و سەرنجی ڕاکێشام. نزیک بوومەوە و دەقەکەم خوێندەوە:**

**ئاگادارتان دەکەینەوە کە ئەم دارە دارێکی مردووە. ئەم دارە لە نێوان ٢ بۆ ٨ی ئاوریل دەبڕدرێت. لە شوێنی ئەودا، بۆ خۆشی و چێژتان، یەکسەر نەمامێکی گەنج دەچێنرێت**

**واژۆ: گەیاندنی خزمەتگوزاری پارکەکان و باخچەی شار.**

**جارێک، دووجار، چەند جارێک ئەم بابەتەم خوێندەوە. وە لەو ساتەدا بڕیارمدا**

**منداڵەکەم بهێڵمەوە**

**بە خۆشەویستیوە ماچت دەکم**

**دورا**

## کۆتایی

## دوا وتار



«ماتێی ڤیسنیك»

ئەم شانۆنامەیە لەسەر بنەمای کارەساتی شەڕی بۆسنە نوسراوە. لەم ڕووەوە نووسەر ئاماژەی بە چەندین کتێبی تایبەت بە باڵکان کردووە و بۆ دیمەنی مۆرگ و وێنەکانی وڵاتی "دورا"، ئەو بەڵگە بابەتیانە و گێڕانەوەی ئازاربەخشانەی کە لە کتێبی "ڕووداوی لەبیرکراو"ی «ڤالیبۆر سولیکدا[٦٠]» ئاماژەی پێکراوە، بەکارهێناوە.

کاتێک مرۆڤ ڕوو لە خراپە دەکات، ئەوەی ڕوودەدات لە دەرەوەی هەر خەیاڵێکە.

بۆ دیمەنی بیست و نۆیەمین کە دیمەنی وێنەکانی وڵاتی دۆرایە، «ماتێی ڤیسنیك»، لە دوا چاپی شانۆنامەکەیدا، لە جیاتی ئەوانەی پێشوو چەند وێنەیەکی دیکەی پێشنیار کردووە:

دۆرا: وڵاتەکەم وێنەی سەربازێکی گەنجە، کە بۆ یەکەمجار کەسێکی کوشتووە.لە تەنیشت ئەو پیاوی کە ملی بڕیوە و هێشتا لە ژیاندایە.هێڵنج دەدات ودەرشێتەوە

وڵاتی من وێنەی «ڕادۆڤان کارادزیچ »[٦١]سەرکردەی سیاسی سربەکانی بۆسنە یە، تاوانبارێکی جەنگی و شاعیرێک ،، کە لە ناوەڕاستی شەڕیبۆسنە و گەمارۆی سەرایێڤۆ لەلایەن مۆسکۆوە بانگهێشت کرا بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئەدەبی.

نیشتمانم وەک ئەو نیشتمانە دایکییە وایە کە ئەم نامەیەی بۆ نێردراوە:«ئێمە کوڕەکەتمان کوشت. ئەگەر بتەوێت تەرمەکەیت بۆ بەنێرین تا بنێژرێت. سێ هەزار دۆلارمان بۆ بهێنە»

وڵاتی من کۆمەڵێک زیندانییە کە بڕیارە لە سێدارە بدرێن و ناچارن خۆیان گۆڕی بەکۆمەڵ هەڵکەنن. وە کاتێک ئەو کارە دەکەن، گۆڕێکی دیکەی بەکۆمەڵ لە ژێر پێیاندا دەبیننەوە، کە سەربازەکانی جەنگی جیهانی دووەمی تێدا نێژراون.

وڵاتەکەم ژنێکە کە لە ترسی دەستدرێژی لەو ساتەی هێرشبەرەکەی هەوڵی لابردنی جلەکانی دەدات خوێن ڕێژی دەکات. دەستدرێژکارەکە نارەحەت دەبێت و جنێوی پێدەدات و ڕێگەی پێدەدات بڕوات.

وڵاتەکەم گوندنشینێکی پیرە، چریکێکی دێرینی جەنگی جیهانی دووەمە، هیچ تێناگات، کاتێک سەربازکان دەبینێت کە دەێنە ناو گوندەکەیەوە، دەپرسێت: "ئەوە دیسان ئەڵمانیەکان؟"

وڵاتەکەم پەنابەرێکی موسڵمانی دەمە مەرگە و دەچێتە ناو گوندێکی یۆنانی ئۆرتۆدۆکسەوە. پێش مردنی بە کورتی بۆ خەڵکی گوندەکە ڕوون دەکاتەوە کە چۆن موسڵمانێک بنێژرێت.

[٦٠] Velobor Colicć
[٦١] Radovan Karadzic

باشتر پێت بڵێم، وڵاتەکەم ئەو بازاڕەیە لە بۆسنەیە بەناوی بازاڕی ئەریزۆنا، بازاڕێکە لە کچان بۆ لەشفرۆشی لە ڕۆژئاوا دەفرۆشرێن. کە کڕیاران دۆلار یان هەندێک جار سندوقێک جگەرە دەدەن.

یان وێنەی وڵاتەکەم ئەو ڕستەیە کە دەڵێن، کڵاوە شینە هۆڵەندییەکان لەسەر دیوارەکە نووسیویانە. « کچەێک کە بێ ددانە و سمێڵی هەیە وبۆنی گوێ لێدێت؟ حتم بۆسناییە.

ئەمە وڵاتی منە، ڕاپورتی پسپۆڕێک کە بەدوای ونبووەکاندا دەگەڕێت: "تەرمێکمان دۆزیەوە کە پێیەکانی لە گۆڕێکدا بوو، سەری لە گۆڕێکی دیکەدا ،و باقی ئەندامەکانی جەستەی لە شوێنێکی دیکەدا بوو".

ئەمە وڵاتی منە، دایکێک کە ناتوانێت ماتەمینی بۆ کوڕەکەی بگرێت کە لە سرێبرینیکا کوژرا و تا ئێستا نەناسراوتەوە. لە کۆتاییدا بڕیار دەدات یەکێک لە کراسەکانی بنێژێت بۆ ئەوەی لەسەر گۆڕێک بگری.

یان ڕەنگە، نیشتمانم سەگێکە کە بە زیندوویی فڕێدراوەتە ناو بیرێکەوە، لە ناوەڕاستی گوندێکی چۆڵکراو و سووتاودا. سەگێک پێش ئەوەی بمرێت بۆ ماوەی سێ ڕۆژ دەوەڕێت.

«ماتێی ڤیسنیك»،

ڕۆمانیا ١٩٥٦

«"من پیاوێکم لە نێوان دوو کولتووردا دەژیم." لە نێوان دوو هەستدا، من پیاوێکم کە ڕەگ و ڕیشەی لە ڕۆمانیایە و باڵم لە فەرەنسایە.»

«ماتێی ڤیسنیك» لە ساڵی ١٩٥٦ لە ڕۆمانیا لەدایکبووە. بواری خوێندنی ئەو مێژوو و فەلسەفەیە. یەکەم کۆمەڵە شیعری لە ساڵی ١٩٧٢ بڵاوکرایەوە.

پاشان دەست دەکات بە نووسینی شانۆنامە، بەڵام ڕژێمی کۆمۆنیستی ڕۆمانی هەموو شانۆنامەکانی قەدەغە دەکات. لە ساڵی ١٩٨٧ لە تەمەنی ٣١ ساڵیدا ڕۆمانیا بەرەو فەرەنسا بەجێدەهێڵێت و داوای پەنابەری سیاسی دەکات. لە ساڵی ١٩٩٣ بووەتە هاوڵاتی فەرەنسی. تا ئێستاش لە پاریس دەژی و وەک پەیامنێر لە ڕادیۆی نێودەوڵەتی فەرەنسا کاردەکات.

خۆشەویستی و حەز و ئارەزووی بە ئەدەبیات، لە وڵاتێکی کۆمۆنیست و دیکتاتۆردابە چەمکی ئازادی ئاشنا دەکات.

نووسەرە خۆشەویستەکانی بریتین لە کافکا، دۆستۆیڤسکی، ئێدگار ئالان پۆ، لۆرین و بۆرخێس. حەزی لە شێوازی سوریالیستەکان، دادایستەکان، شانۆی بێمانا و گرۆتێسک، شیعری خەیاڵی، ئەدەبی خەیاڵی، ڕیالیزمی ئەفسوناوی ڕۆمانەکانی ئەمریکای لاتین و شانۆی ڕیالیستی ئینگلیزییە. بەڵام هەرگیز نابێتە لایەنگری ڕیالیزمی سۆسیالیستی.

«ماتێی ڤیسنیك»، دوای خوێندنی فەلسەفە دەبێتە یەکێک لە گرنگترین نووسەرانی نەوەی هەشتاکان، کە دیمەنی ئەدەبی و شیعری ڕۆمانیای گۆڕی، ماتێی وەک خەباتکارێکی فەرهەنگی پێی وایە شانۆ و شیعر دەتوانێت« مێشک شۆردنەوەی» ڕژێمە دیکتاتۆریەتێکان ئاشکرا بکات.

چل شانۆنامە و یەک ڕۆمانی لە ڕۆمانیا نووسی کە هەموو کتێبەکانی دەستی بەسەردا گیرا. «ماتێی ڤیسنیك»، لە ساڵانی نەوەدەکانەوە ڕاستەوخۆ بە زمانی فەرەنسی شانۆنامەکانی دەنووسێت. زمانی شانۆنامەکانی ڤیسنیک ناسک و وردبینانەن.

زیاتر لە بیست شانۆنامەی بە زمانی فەرەنسی نووسیوە کە زۆربەیان لە وڵاتەکانی دیکە نمایش کراون. دوای ڕووخانی ڕژێمی کۆمۆنیستی ڕۆمانی، بە گرنگترین شانۆنامەنووسی وڵاتەکەی دادەنرێت.


لە ئێران، کۆمەڵە بەرهەمەکانی «ماتێی ڤیسنیك»، بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٣٨٠ هەتاوی بڵاوکرایەوە، لەگەڵ بڵاوبوونەوەی شانۆنامەی« چیرۆکی ورچەکانی پاندا، بە گێرانەوەی ساکسۆفۆنژەنێک کە لە فرانکفۆرت کچە هاوڕێیەکی هەیە»، و«سێ شەو لەگەڵ مادۆکس» لە دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی «ماهریز» ناسێندرا، شانۆنامەکانی دیکەی لەلایەن دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی نێی، لە کۆمەڵەی شانۆی«لە سەرانسەری جیهاندا» بڵاوکراونەتەوە.


« چیرۆکی ورچەکانی پاندا، بە گێرانەوەی ساکسۆفۆنژەنێک کە لە فرانکفۆرت کچە هاوڕێیەکی هەیە»، لە ٢١ەمین فێستیڤاڵی فەجر لە ساڵی ١٣٨١ هەتاوی نمایشکرا، هەروەها «جەستەی ژن وەک مەیدانی شەڕ لە جەنگی بۆسنەد» لە ٢٤ەمین فێستیڤاڵی فەجر، ١٣٨٤ هەتاوی لەلایەن گروپی شانۆ یۆتۆپیا بە دەرهێنانی «تینووش نظم جو» نمایشکرا .

بەو پێیەی پیشەکەی ترم ڕۆژنامەنووسە لە ڕادیۆی فەرەنسی یە،بۆ نووسینی شانۆنامەکانم زیاتر لە شەو و پشووەکانم بەکاردەهێنم. نووسینی شانۆنامە بۆ من هەندێک داب و نەریتی هەیە. کاتێک شانۆنامە دەنووسم، هەرگیز لە کوالیتییەکەی دڵنیا نیم. شانۆنامەکە لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی نزیکی فەرەنسی دەخوێنینەوە، بەشە باشەکانی دەهێڵینەوە، ئەوەی تر فڕێ دەدەین. هەندێک جار پێم دەڵێن ئەو بەشانەی کە سەیرن بیهێڵەرەوە. ئەم هاوڕێ فەرەنسییە نزیکانەم دوا فلتەری نووسینەکانمن. هەرگیز ناتوانم بڵێم سەد لە سەد کۆنترۆڵی ئەو شتانەم هەیە کە بە فەرەنسی دەینووسم. وە پێم وایە گەورەترین فەزیلەتەکانی شانۆنامەکانم ئەمە یە.



تینوش نظمجو


پیکر زن
همچون میدان نبرد
در جنگ بوسنی
THE BODY OF A WOMAN
AS A BATTLEFIELD
IN THE BOSNIAN WAR
کارگردان و طراح: عرفان عشوریون
از یکم تا ۱۵ شهریور در تماشاخانه گندم/ سالن پرویز پرستویی / ساعت ۳۰ : ۱۸


دور تا دور دنیا
نمایشنامه
۱۴
پیکر زن
همچون میدان نبرد
در جنگ بوسنی
ماتئی ویسنی یک
مینوش مظلم جو

# جەستەی ژن وەک مەیدانی شەڕ لە جەنگی بۆسنەدا

